دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٦٦
www. kurdistanukurd.com
سەشەممە ١٥ی خەرمانان ١٣٩٠ - ٦ی سێپتامبر ٢٠١١ ١٥٠ تمەن ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**سیاسی**



گەورەترین کارەسات لە
مێژووی نوێی ئێران دا
٥

**دیپلۆماتیک**



دە ساڵ دوای
١١ی سێپتامبر
٦

**دیمانە**



کاندیدا کوردەکانی حیزبی
سوسیالیستی چەپی نۆرویژ
لە دیمانەیەک دا
٩

**ئەدەب و هونەر**



بەهمەن قوبادی،
هونەرمەندێکی جیاواز
١١

### دەفتەری سیاسیی حدک لە بەیاننامەیەک دا بە بۆنەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلی لیبی:

# کورد هەقی خۆیەتی داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی بکا

## بەیاننامە:

هێشتا حەوتوویەک لە سەرکوتی ڕێژیمی قەززافی دژی خۆپێشاندەرانی لیبی تێنەپەڕیبوو کە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داوای دەوڵەتانی فەرانسەو ئینگلستان کۆبۆوە و بە دەنگی زۆرایەتی و بەبێ هیچ دەنگێکی موخالیف، لەسەر بناخەی ئەسڵی «بەرپرسایەتیی پارێزگاری»، بڕیاری جێگیرکردنی چەتری پارێزگاری لە سەرانسەری خاکی لیبیی‌دا دەرکرد. دەرچوونی بڕیارنامەی ١٧٩٣ی ئەنجومەنی ئاسایش ڕێگای خۆش کرد بۆئەوەی فڕۆکەو هێلیکۆپتێرە نیزامییەکانی ئەمریکاو فەرانسەو بریتانیا دەسبەجێ هێرشەکانیان بۆ سەر پێگە هەوایی و دەرياییەکان و مەڵبەندەکانی کۆبوونەوەی هێزە سەربازییەکانی لیبی دەست پێبکەن.

لە ئاکامی ئەم بڕیارە بەجێیەی ئەنجومەنی ئاسایش و هەنگاوی بەوەختی پەیمانی ناتۆدا هێزە ئازادیخوازەکانی دژ بە دەسەڵاتی ٤٢ساڵەی سەرهەنگ قەززافی توانیان لەماوەی نیزیک بە شەش مانگدا بەربەرەکانیی هێزە نیزامییەکانی وەفادار بە قەززافی تێکبشکێنن و بەکردەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆر بێنن. ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسرێن جگە لە شاری سیرت و چەند شارۆچکەی دەوروبەری لەهیچکوێ شوێنەوارێک لە دەسەڵاتی موعەممەر قەززافی بەدی ناکرێ و بەرەی ئازادیخوازان سەرگەرمی کارکردن بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتێکی نوێ لە وڵاتدایە.

بڕیاری ١٧٩٣ی ئەنجومەنی ئاسایش ئەو بڕوایە لەلای نەتەوە ژێردەستەکان و خەڵکی وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو دروست دەکا کە وەختی ئەوە بەسەر چووە دیکتاتۆرە دژیگەلییەکان لەژێر پەردەی سەروەریی نیشتمانی (حاکمیت ملی)دا ئازادیخوازان سەرکوت بکەن و دەنگی مافخوازیی نەتەوە زۆرلێکراوەکان لە گەروودا بخنکێنن.

***

نەتەوەی کورد کە لەئاکامی ڕێککەوتنێکی هێزە ئیستیعمارییەکاندا و بەپێچەوانەی ویست و ئارەزووی خۆی نیشتمانەکەی پێشان لە نێوان دوو ئیمپەراتۆریی ئێران و عوسمانی و دوایە لەنێوان چوار وڵاتی ئێران و تورکیەو عێراق و سووریەدا دابەش کراوە، زۆر لەمێژە لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا و لەو ڕێگایەدا دەگەڵ دڕندانەترین شێوەکانی سەرکوت و قەڵاچۆکردن بەرەوڕوو بووە. ئەو کوشتارەی لە تورکیەی کەمالی و عێراقی بەعسی و ئێرانی ئیسلامی لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد کراوە، تا دنیا دنیایە ویژدانی بێداری مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو ئازار دەدا و وەک پەڵەیەک بە نێوچاوانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە دیارە.

ئێستاش و لە سەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی ٢١یشدا نەتەوەی کورد لەسێ بەش لە چوار بەشی نیشتمانە دابەشکراوەکەیدا هەروا لەژێر سیاسەتی ئینکاری کەسایەتیی نەتەوەیی و سەرکوتی داخوازە ڕەواکانی لە لایەن فەرمانڕەوایانی سێ وڵاتی تورکیە و ئێران و سووریەدا دەناڵێنێ. تەنیا بەشی کوردستان کە لە ئاکامی خەباتێکی درێژخایەندا و بەقیمەتی گیانی سەدان هەزار کەس لە خەباتگێڕانی کورد دەسەڵاتێکی نەتەوەیی تێدا دامەزراوە باشووری کوردستان یان کوردستانی عێراقە. کەچی ئەو بەشەی کوردستانیش لە لایەک لەگەڵ دابڕانی چەند بەشێکی زۆر ئازیز لە خاکەکەی بەرەوڕوویە و لەلای دیکە بەردەوام لەژێر هەڕەشە و پیلان و لەشکرکێشیی دەسەڵاتدارانی تورکیە و ئێران بە چاوپۆشیی ئاشکرای دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدایە.

ل ٢

**سکرتێری گشتیی حدک:**

## ئێمە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی داهاتووی کوردەوە دەڕوانینە پرسی بەرەی یەکگرتوو



بە مەبەستی تیشک خستنەسەر کۆمەڵێک پرس و ڕووداوی گرنگی هەنووکەیی لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ڕۆژنامەی «کوردستان»، وتوویژێکی تایبەت لە گەڵ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە، پێک هێناوە. لەو وتوویژەدا، ڕێزدار عەزیزی، ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایانەی وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی لیبی و سووریە و کاریگەریی ئالوگۆڕەکانی ناوچە لە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران و پرسی کوردی داوەتە بەر سەرنج.

## بەردەوامیی هێرشەکانی دوو ڕێژیمی ئێران و تورکیە بۆ سنوورەکانی خاکی هەرێم



هێرشی ئاسمانی و زەمینیی هێزەکانی ئێران و تورکیە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هەروا قوربانی لێدەکەوێتەوە. لە ئاکامی هێرشی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی دا ڕێکەوتی١٢ی خەرمانان شوانێک لە چۆمان بە فیشەکی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران گیانی لە دەست دا. هەروەها ١٤ی خەرمانان تۆپبارانەکانی ئێران شەهیدبوونی ژنێک و دوو پیاوی دیکەی لە سنووری شارۆچکەی سۆران لێکەوتەوە. ئەوەش جگە لە ئاوارە بوونی سەدان بنەماڵە و چۆڵ کردنی کوێستانەکانی ئەم سنوورانە و زەرەر و زیانی ماڵی فراوان لەم خەڵکە.

لە لایەکی دیکەشەوە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان وەک هەولیر، سلێمانی، ڕانیە، کۆیە، خانەقین و... هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کوردیان لێ نیشتەجێن دژ بە هێرشی بەربڵاوی زەمینی و ئاسمانیی ئێران و تورکیە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و کوژران و بریندار بوون و ئاوارەبوونی خەڵکی ناوچەکە کۆمەڵە خۆپیشاندانێک بەڕێوەچووە و نارەزایەتییەکانی دامودەزگا حوکمی و مەدەنییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و هەروەها زۆربەی وڵاتانی جیهان بەردەوامە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پژاک لە ١٤ی خەرمانانەوە یەکلایەنە ئاگربڕی ڕاگەیاندوەو پەکەکەش لە پێش جەژنی ڕەمەزانەوە ئاگربڕی ڕاگەیاندوە.

## مەترسیی وشکبوونی گۆلی ورمێ ناڕەزایەتیی دەربڕینی خەڵکی ورمێ و تەورێزی لێ دەکەوێتەوە



بە هۆی کەمتەرخەمی و پرۆژە بەربڵاوەکانی دەوڵەتی ئێران لە سەر ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە گۆلی ورمێوە، ماوەیەکە ئەم گۆلە کە بە دوویەمین گۆلی جیهان دەژمێردرێ بەردەوام لە پاشەکشەیەو مەترسیی وشکبوونی لە ئارا دا هەیە. بەم هۆیەوە شەپۆلێک ناڕەزایەتی وەڕێ کەوتوە کە بەرچاوترینیان پێکدادان و خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی شارەکانی تەورێزو ورمێ بوون.

لە ئاکامی خۆپێشاندانەکانی شاری ورمێ کە خەڵکی کوردو ئازەری وێکڕا ڕژابوونە سەر شەقام؛ دوو کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەتییەکان بریندار بوون. لە تەورێزیش گرژی کەوتوەتە نێوان خۆپێشاندەران و هێزەکانی ڕێژیم و ئەو هێزانە بە تەقە و گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان بە خەڵک کردوە.

لەلایەکی دیکەوە ١٤٠ ڕۆژنامەنووس لە نامەیەک دا داوا دەکەن بە فریای گۆلی ورمێوە بچن.

هەر لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێک چالاکی لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ ڕزگاریی گۆلی ورمێ لە مردن، لە ئارا دایە.

## خەڵکی سووریە کۆڵ نادەن



ئەوە نزیک بە شەش مانگە کەم ڕۆژ بوو خەڵکی سووریە لە پێناوی ئازادی و ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆری وڵاتەکەیاندا خوین نەدەن و شەقامەکان بە خوێنی لاوان و ژنان و ئازادیخوازان سوور نەبن. هەر لە مانگی ڕەمەزان دا هێزەکانی بەشار ئەسەد بە سەدان خۆپێشاندەریان لە شەقامەکانی شارەکانی سووریە لە خوێن گەوزاند. ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان دوای نوێژی جەژن ٧ کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی بەشار ئەسەد گیانیان لێ سەندرا و ئاڵۆزی و پێکدادانەکان هەر وا بەردەوامن. بە گوێرەی هێندێک سەرچاوە باس لەوە دەکرێ قوربانیانی نارازیی سووریە لە ٣٠٠٠ کەس تێپەڕیبێ. هەر لە پێوەندی دەگەڵ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان، کەسێک بە ناوی عەدنان دادستانی شاری «حەماە» وەک ناڕەزایەتی دەربڕین لە جینایەتی هێزەکانی بەشارئەسەد دەستی لە کار کێشایەوە، لە لایەکی دیکەشەوە گوشارە نێودەوڵەتییەکان لە سەر حکوومەتی سووریە بەردەوامەو یەکیەتیی ئوروپا هاوردە کردنی نەوتی لە سووریەوە ڕاگرت.

## دەسەڵاتی ئێران پێش لە بژاردنی دەنگەکان خۆی بۆ سەرکوتی خەڵک ئامادە کردبوو




ماڵپەڕی «ئەندیورینگی ئەمریکا» کە ماڵپەڕێکی سەربەخۆ و پسپۆڕ لە بواری سیاسەتی دەرەکی ئەمریکایە، بە پێی کۆمەڵێکی نوێ لە بەڵگەکانی دیپلۆماتیکی ئەمریکا کە لەم دواییانە لە لایەن ویکی لیکسەوە بڵاو بوونەتەوە، بڵاوی کردۆتەوە کە دەسەڵاتی ئێران پێش لە دەسپێکی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨ و ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی خۆی بۆ ڕۆژەکانی دوای هەڵبژاردن و بەرپەرچدانەوەی نارەزایەتیی خەڵک ئامادە کردبوو.

ئەو ڕاپۆرتە وێڕای ئاماژە بە دەسکارییەکانی ئاشکرای بەرپرسانی ئێران بۆ گۆڕینی ئاکامە ڕاستییەکانی ئەو هەڵبژاردنانە دەڵێ کە بەڵگەگەلێکی زۆر لە بەر دەستدان کە ئەوە پیشان دەدەن دەسەڵاتی ئێران خۆی بۆ ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش و ناڕەزایەتی لە دوای هەڵبژاردنەکان ئامادە کردبوو.

ئەو ڕاپۆرتە هەروەها دەڵێ کە نموونەیەکی بەرچاو بۆ ئەو ئامادەییەی ئێران جێگیر کردنی لە پێشدای هێزەکانی دژە شۆڕش، داخرانی خزمەتگوزاریی کورتەنامەکانی موبایل و ڕاگرتنی کاری ڕاگەیەندنەکان و کاناڵەکانی پێوەندیی ڕیفۆرمخوازەکان بوو.

# دانیشتنێکی سیاسیی دۆستانە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دا



پێشنیوەڕۆی شەممە ٥ی خەرمانان (٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١١) هەیئەتێک لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی هێژا خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی و بە ئەندامەتیی ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کادری ڕێبەریی حیزب، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە، سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کرد. ئەم هەیئەتە لە لایەن هەیئەتێک لە ڕێبەریی کۆمەڵە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پێشوازیی لێکرا.

لە دانیشتنێکی چەند سەعاتەدا، هەر دوو هەیئەت کۆمەڵێک پرسی سیاسیی گرینگی ڕۆژیان هێنایە بەرباس. لە سەرەتادا، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە بەخێرهاتنی هەیئەتی میوانی کرد. پاشان کاک خالید عەزیزی خوێندنەوە و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەبارەی چەند مەسەلەیەک، لە نێویان دا: بەربەرەکانیی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی وڵات، دووره دیمەنی هەڵبژاردنی داهاتوو لە ئێران و ئەگەرەکانی بەردەم ئەو هەڵبژاردنە، بەشداریی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئەم دوایی یانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە لەندەن، هێنایە بەرباس. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کورتەیەکیشی لەبارەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی چەند هێز و ناوەندێکی سیاسی و دیپلۆماتیک لە بارەی کورد و ئێران، کە لە دوا کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست لە ئاتێن لە دوا سەفەری بۆ ئەمریکا دا، چاوی پێیان کەوتبوو، بۆ بەشداران باس کرد.

دواتر کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، باسێکی لەبارەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و کوردستان هێنایە گۆڕێ. سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕینی گەلی لیبی دژی دیکتاتۆریی ئەو وڵاتە، بەردەوامی و گەشە کردنی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری نارەزایەتیی خەڵکی سووریە لە دەسەڵاتی سەرکوتکەری ئەو وڵاتە و کاریگەریی ئەم گۆڕانانە لەسەر خەباتی دێموکراسیخوازی لە ناوچە و ئێران، یەکێک لە تەوەرەکانی ئەم باسە بوو. تەوەرێکی دیکەی باسەکە تەرخان کرابوو بۆ دەستدێژی و هێرشەکانی ئەم دوایی یانەی ڕێژیمەکانی ئێران و تورکیە بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

بەشدارانی دانیشتن، ئەم باسانەیان بە تێبینییەکانی خۆیان بەرفرەوان و دەوڵەمەند کرد.

هەر دوو هەیئەت ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و کاریگەرییەکانی ڕووخان و پاشەکشەی یەک بە دوای یەکی دیکتاتۆرییەکانی ناوچەیان بە گرنگ دانا کە دەرفەت و ئاسۆی نوێ لە بەردەم خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە ئێران و وڵاتانی دیکەی ناوچە دا دەکەنەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ هێرشەکانی ئێران و تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دا، دوو هەیئەتی ناوبراو وێڕای پێداگری لەسەر مەحکوومکردنی ئەو هێرشانە، وشیاری لە ئاست پیلانە جۆراوجۆرەکان کە بەرەوڕووی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دەبنەوە، بە پێویست زانی.

هەر دوو ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەسەر پاراستن و بەهێز کردنی پێوەندییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات، هەم لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و هەم لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێیان داگرتەوە. لەم بارەیەوە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە زمانێکی هاوبەش و دیپلۆماسییەکی یەکگرتووانە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان وەکوو پێویستییەک دانا.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتوو لە ئێرانیش دا، هەر دوو هەیئەت تەعقیب و لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵات بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتوو دا و ڕاوێژ و بیروڕا گۆڕینەوەی ئەم دوو حیزبە و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە مەبەستی لێک نزیک کردنەوەی هەڵوێست لەم پێوەندییەدا، بە پێویست زانی.

# شەستو شەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە دانمارک بەرز ڕاگیرا



ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٥ی خەرمانان لە ڕێورەسمێکدا کە لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە ڕێک خرابوو، یاد و بیرەوەریی شەست و شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێورەسمەدا کاک ڕەشید قازی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە دانمارک پەیامی دەفتەری سیاسیی بەبۆنەی شێستو شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبەوە پێشکەش بە بەشداران کرد.

دواتر سروود و گۆرانی و پارچە موسیقا لە لایەن هونەرمەندان نەوروز عەلی و شێرکۆ پێشکەش بە بەشدارانی ڕێورەسمەکە کران. لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکە دا بە شاخە گوڵێک و لەوحێک، ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی ئەو ئەندامانە گیرا کە زیاتر لە ٢٥ ساڵ لە خزمەتی بەرەو پێشچوونی بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا کاک ناسر پیرانی، لە سەر ڕۆڵ و گرینگی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد .

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی دامەزرانی حدک لە وڵاتی فینلاند

لە وڵاتی فینلاند شەست و شەشەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ١١ ی خەرمانان به ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند، نوێنەرانی حیزب و لایەنە کوردستانیەکان و دۆستان و لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتە شەست و شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تورکو لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو.

لەو ڕێورسمەدا کاک حەسەن حاتەمی، بەرپرسی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەیامی کۆمیتەی بە بۆنەی تێپەڕبوونی شەست و شەش ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە پێشکەش کرد. دواتر بەڕێز شاخەوان نەقشبەندی لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی حیزب وڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی لە فینلاندی خوێندەوە کە تێیدا دامەزرانی ئەم حیزبەی بە خاڵی وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی نەتەوەی کورد دا پێناسە کرد. ئەو پەیامە، پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان ، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە بوو.



هەر لە درێژەی خوێندنەوەی پەیامەکان دا، نوێنەرانی ئەو حیزب و لایەنانەی خوارەوەش پەیامی پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش کرد:

کەمپەینی ئاشتی و یەکبوون، کۆمەڵە – شاخەی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران، ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شایانی باسە کە خوێندنەوەی شێعر و پەخشان و گرتنی کۆڕی شایی و هەڵپەڕکێ چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان لە یۆتۆبۆری سوئێد

ڕۆژی شەممە ٧ی خەرمانان، لە شاری یۆتۆبۆریی سوید و بە دەستپێشخەریی کۆمەڵە کوردییەکانی نیوفاولەند، سمینارێک بەڕێوەچوو. لەو سمینارە دا، چوار کەس لە سێ بەشی کوردستان (باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵات) و بەچەند زاراوەی کوردی بابەتەکانی خۆیان پێشکەش کرد.

موونزوور جەم نووسەر و زمانزان، لەسەر کوردەکانی دێرسیم، چۆنیەتی هەڵکەوتی جوغرافیایی ئەو ناوچەیە و بەسەرهاتە دڵتەزێنەکانی باسێکی بەسوودی پێشکەش کرد.

فەهمی کاکەیی نووسەر و چاوەدێری سیاسی، لەسەر وەزعییەتی یارسانەکان دوا.

سەفەر عەزیزی مامۆستای زانستە سیاسییەکان، کە بڕیار بوو لەسەر مێژووی یارسانەکان و وەزعییەتی ئەمڕۆی کوردستان قسە بکا، بەڵام لەبەر کەمبوونی کات پتر لەسەر مێژووی یارسانەکان قسەی کرد.

دوایین کەسی ئەو سمینارە کاک حەسەن حاتەمی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو کە وەک چاوەدێری سیاسی قسەی کرد. ئەو باسی وەزعی ئەمڕۆی کوردستانی کرد و کوتی: کۆماری ئیسلامی کە هێرشی مانگی جولای ٢٠١١ (لە دوای ٢٢ ی پووشپەڕ)ی، بۆ سنووره دەستکردەکانی هەرێمی باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر تەیار و قورس و دوژمنانە و بەربەرین دەست پێکرد، لەلایەک لەچوارچێوەی بیری دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامی بە دژی گەلی کوردە، کە لە یەکەم بەهاری ئازادی لە ئێران ڕا دەست پێدەکا. جیهاد و شێوە ژێنوسایدێکی لەسەر بەڕێوە دەبا و بۆ ماوەی ٣ دەیەیە بەو بیروفیکرەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو گەلە تێکۆشەر و کۆڵنەدەرە دەکا.

دوای قسەکانی کاک حەسەن حاتەمی و پرسیاری بەشداران لە بەشی دوویەمی سمینارەکە دا، سەرجەم بەشدار بووان لەبەر کەمیی کات بەکورتی وڵامی پرسیارەکانیان دایەوە. ئەو سمینارە لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداربووان دوای ٤ کاتژمێر و نیو کۆتایی هات.

درێژەی:

# کورد هەقی خۆیەتی داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی بکا

داخوا بەڕاستی وەختی ئەوە نەهاتوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئاوڕێکی جیددی لە بێ بەشی و ڕۆژڕەشیی نەتەوەی کورد بداتەوە و پێش بە سەرکوتی ئەو نەتەوەیە و لەشکرکێشیی دەوڵەتەکان بۆ سەر تەنیا دەسکەوتی قانوونیی ئەو گەلە بگرێ. مافی سروشتیی نەتەوەی کوردە چاوەڕوانیی ئەوەی هەبێ کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مەسەلەی کورد بەوجۆرەی هەیە تێ بگەن و وەک گیروگرفتێک کە پێوەندیی بە ژیانی دەیان میلیۆن کەسەوە هەیە و یەکێک لە گرنگترین مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە بۆی لە فکری چارەسەردا بن.

ئێمە وێڕای خۆشحاڵی لە سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی لیبی و پێشوازی لە بڕیاری١٧٩٣ی ئەنجومەنی ئاسایش لە پێوەندی دەگەڵ ئەو وڵاتەدا، داوا دەکەین ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر بە پشت بەستن بە ئەسڵی «بەرپرسایەتیی پارێزگاری» مەترسیی گەلەکۆمەگیی دەوڵەتەکان و سەرکوتی دەسەڵاتەکان لەسەر نەتەوەی کورد وەلا بەرن و هەر لەوکاتەدا داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخراو و کۆروکۆمەڵەکانی کوردو دۆستی کورد دەکەین لە پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی خۆیاندا بەتاک و بە کۆ ئەم داخوازییە ڕەوایە دەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە بڕیاربەدەستە نێونەتەوەییەکان بێننە گۆڕێ و پێی لەسەر دابگرن.

بەئاواتی هەڵوێستی جیددی و بەرپرسانەی هەموولایەک.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٠/٦/١٤**
**٢٠١١/٩/٥**

**خالید عەزیزی ، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتوێژێکی تایبەت لە گەڵ «کوردستان»دا:**

# ئێمە لە روانگەی بەرژەوەندی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتووی کێشە ناڕوونەکانی ئێران دا،دەڕوانینە پرسی بەرەی یەکگرتوو

**دیمانە: ڕەحمان سەلیمی**

**کوردستان : لە کەمتر لە یەک ساڵی رابردوودا سێ دەسەڵاتی دیکتاتۆری گەورەی ناوچە لە نێو چوون: توونس، میسر و بەم دواییانەش لیبی. هەروەها شەپۆلەکانی ئەو شۆڕشە جەماوەریانە بەشێکی زۆری وڵاتانی دیکتاتۆری ناوچەی گرتۆتەوە و شیمانەی ئەوە دەکرێ ژمارەیەکی دیکەش لە دیکتاتۆرانی ناوچە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا هەرەس بێنن. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە جەماوەرییانە لەچیدا دەبینی؟**

**خالید عەزیزی:** دەبێ هۆکارەکان لە کۆمەڵێک فاکتۆردا ببینین کە ئەو جۆرە وڵاتانەی پێ پێناسە دەکرێ: یەکەم، ئەو وڵاتانە، وڵاتانی دیکتاتۆری و ئیستبدادی بوون، لەو وڵاتانە کە دیکتاتۆر دەسەڵاتی هەیە بە سیستمێکی ئیستبدادی بەڕێوە دەچێ. تەبیعەتەن ئازادی نییە، ئازادیی ئەحزاب نییە، ئازادیی هەڵبژاردن، ئازادی دەربڕینی بیرورا، ئازادیی خۆپێشاندان نییە. لەسەر یەک کۆمەڵگەکە و خەڵک چ بە شێوەی تاک و چ بە شێوەی کۆ، هیچ مەجالێکیان نییە کە بیروڕای خۆیان دەرببڕن و هەست بکەن کە لە ئیدارەی وڵات دا دەور و دەسەڵاتیان هەیە. ئەوە بە واتای ئەوەیە کە دەسەڵات وڵامدەر نییە بە نیسبەت ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک. لە ئاکامدا خەڵک بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە حکوومەتێکی وڵامدەریان هەبێ و تەنانەت لەو پەیوەندییەدا دەکرێ تەئکید لەسەر ئەوەش بکەمەوە کە لەو سیستمانەدا کەرامەتی تاکەکەسیش پێشێل دەکرێ، هەرێمی شەخسیی خەڵکیش تەجاوزی پێ دەکرێ. هەمووی ئەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگە هەم بە شێوەی تاک و هەم بە شێوەی کۆ، ئەمنییەتی سیاسی و تاکەکەسی نەبێ و لە نەتیجەدا لەو سەردەمەدا بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە رێگا چارەیەک بببیننەوە و رێگا چارەکە دەقیقەن ئەوە بوو کە ئێمە شاهیدی هەین کە ئەوە شۆڕش لەو وڵاتانەدا کراوە و ئەو وڵاتانە ئاڵوگۆڕیان تێدا پێکهاتوە و حکوومەتە ئیستیبدادییەکان نامێنن. لەسەر یەک ئەگەر کورتی بکەمەوە شەڕی بەرەی دێموکراسی و ئازادی و مافخوازییە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە پێناوی دروستکردنی حکوومەتێکی وڵامدەردا.

**کوردستان: ئایا دەکرێ بڵێین بەهۆی گەشە و بەرفراوانبوونی تۆڕی پێوەندییەکان و هاتنە ئارای دیاردەی بەجیهانیبوونەوە، چەمکەکانی ئازادی، دێموکراسی و عەداڵەت بوونەوە ئەرزشگەلی جیهانی؟ ئایا سەرهەڵدانی جەماوەری لەو وڵاتانەدا کە باسمان کردن لە سایەی هاتنە ئارای ئەو دۆخەوەیە؟**

**خالید عەزیزی:** ئەوە لەجێی خۆیدا بە تەواوی دروستە. چەندین دەلیل بۆ درووستبوونی ئەو بۆچوونە هەیە: یەکەم، ئەگەر چاو لە رێژەی دەوڵەتانی دنیا بکەی دەکرێ بڵێین رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی ئیستبدادەکان کەم دەبنەوە و لەو وڵاتانەدا دێموکراسی دادەمەزرێ. مادام دێموکراسی دادەمەزرێ، بەدوای خۆیدا تەبیعەتەن نەهادینە دەبێ و دەبێ بە فەرهەنگ. کاتێک دێموکراسی نەهادینە بوو، ئەو ئەرزشە لەنێو کۆمەڵگەدا جێ دەکەوێ و تەنانەت هەندێ نەسل لەگەڵی گەورە دەبن. پێیانوایە رەعایەتی ئەو پرێنسیپانە بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ. مادام ئێمە لەو سەردەمەدا دەژین کە ژمارەی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ئیستبدادیەکان کەم دەبێتەوە و ژمارەی دێموکراسیخوازەکان زیاتر دەبێ و دێموکراسییەکان ئەو فەرهەنگە لە کۆمەڵگەکان دا نەهادینە دەکەن، تەبیعەتەن لە دنیای ئەمڕۆدا کە هەموو شت بۆتە جیهانی، ئەوەی کە پێی دەڵێن گلۆبالیزم_ ئەو عەقڵیەت و بۆچوونەش بە مەرحەمەتی تێکنۆلۆژیی میدیایی لە دنیادا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە ئەو خەڵکانە کە لە وڵاتانی دیکتاتۆری و ئیستبدادی دا دەژین، بەهۆی لە ئارادا بوونی کاناڵەکانی ماهوارە و ئەنتێرنێت و کۆمەڵێک کەرەسەی پێوەندی، هەست پێ دەکەن کە لە بێ مافیەکی یەکجار زۆردا دەژین. بۆیە ئەوەش ئیلهامێک دەدا بە ئەوان و لە هەمان کاتدا هانیان دەدا کە هەست بکەن لە چ مافێک بێ بەهرە بوون. لە نەتیجەدا بەدوای دا دەگەڕێن و کاری بۆ دەکەن تا بەو شێوەیە شۆڕش بکەن و ئەو سیستمانە برووخێنن.

**کوردستان: بەرێز کاک خالید! بە رای جەنابت جیاوازیی جەوهەری لە راپەڕینی خەڵک لەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێ و یا هۆکارەکان، ئامانجەکان و ئاکامەکانی ئەو شۆڕشانە لێک نزیکن و لە یەک ئاراستە دان؟**

**خالید عەزیزی:** لە دوو بواردا هەموویان یەکن: یەکەم، ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە ئیستبداد و دیکتاتۆرییان تێدا هەیە و وڵاتی دێموکرات نین و ئازادیی سیاسیان تێدا نییە. دووهەم ئەوە کە خەڵک بە دوای ئازادی و مافی خۆیان دا دەگەڕێن. جا لەوانەیە تەبیعەتی هەرکام لەو وڵاتانە، شێوەی ئیدارەکە، تەنەووعاتی تایفەیی، عەشیرەیی، تەنەووعاتی مەزهەبی، تەجروبەی پێگەیشتنی ئەو وڵاتانە و یا سیستمی ئیدارەی ئەو وڵاتانە لێکیان جیا بکاتەوە. ئەوەی لە میسر بوو، شێوەیەکی جیاواز بوو. ئەڕتەشی میسر لەمێژە مەوقەعییەتێکی گونجاوی بۆخۆی هەیە. بەجۆرێک تەعامولی کرد لەگەڵ شۆڕش کە شۆڕشەکە لە میسر، مەسیرێکی تایبەتی خۆی هەبوو. لە لیبی پەیوەندی ئەڕتەش و دەسەڵات زۆر توکمە و تێکەڵ بوو، حیزب و ئەڕتەش و دەسەڵات بە حەددێک تێکەڵ بوو کە هەموویان بە یەکەوە کەوتنە بەر پەلاماری کۆمەڵانی خەڵک و لێک جیا نەدەکراوە. لە سووریەش دا ئەڕتەش و دەسەڵات زۆر تێکەڵن. بۆیە ئیحتمالی ئەوە هەیە سووریەش هەر مەسیرێکی وەک لیبی بەخۆیەوە بگرێ و ئیدامە پەیدا بکا. دەکرێ بڵێم کە جیاوازییەکان زۆر نین. ئەگەر ئەو وڵاتانە



تەنەووعاتی میللییان زۆر تێدا بوایە، شایەد ئەوکات تەبیعەتێکی دیکەی دابا بە چەند و چۆنی شۆڕشەکە و هاتنە گۆڕی کۆمەڵێک مەسەلە، تەنیا لە مەوریدی سووریەدا دەکرێ بڵێم تەجروبەیەکی تایبەتییە، بە حوکمی ئەوەی کوردیش لەوێ هەیە و سووریە بە بەراوەرد لەگەڵ وڵاتانی شۆڕشلێدراوی دیکە، پێکهاتەی سوننی تێدا هەیە، شیعەی عەلەوی تێدا هەیە و کوردیشی تێدا هەیە.

**کوردستان: گۆڕانی سیستمە سیاسییەکان لە ناوچە دا بە کام ئاقار دا دەڕوا ؟ بەرەو نیهادینە بوونی دیموکراسی و دابینکردنی مافە کانی مروڤ و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان، یان بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییە توندڕەوەکان و بەرهەمهێنانەوەی شێوازێکی دیکە لە دیکتاتۆری ؟ بە گشتی پێتانوایە چ گۆڕانێک لە موعادلاتی سیاسیی ناوچەدا دێتە ئاراوە ؟**

**خالید عەزیزی:** دەکرێ کۆمەڵێک سێناریو لەو وڵاتانەدا پێش بینی بکرێ. تەبیعەتەن لە دەورانێک دا کە ئینقلاب دەکرێ، هەم خەڵک تووڕەیە و هەم ئەوەی لە دەستەڵات دەکەوێ تووڕەیە و هەمیش مەعلووم نیە سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە لە داهاتوودا چۆن دەبێ. بە تایبەت لەم وڵاتانەش کە هەموویان ئیحساسێکی عەڕەبییان دژی مەسەلەی ئیسرائیل هەیەو لە هەمان کاتیشدا ئیسلام بۆتە فاکتەرێک لە کێشە سیاسیەکاندا. رەنگە چەندوچۆنی تەعامول لەگەڵ ئیسلام و ئەوەی کە ئیسلام چۆن لە دەسەڵات دا دەوری هەبێ و ئوسوولەن ئەو دەوڵەتەی دێتە سەرکار، چون لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی فەلەستین دا پێوەندیەکانی خوێ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا رێک دەخا، کۆمەڵێک پرسیار لە گۆڕێ دا هەبێ و تەنانەت جاری وایە شوعاری توند دەدرێ یا قەزاقەت دەکرێ کە ئەو وڵاتە دەکەوێتە ژێر دەستی ئەو حیزبە ئیسلامیە یا فڵان حیزبی توندڕەو. ئەو جۆرە باسانە ئاساییین لە دەورانی ئینقلاب دا. ئینقلاب تەبیعەتی تایبەت بە خۆی هەیەو کۆمەڵێک بابەت دێتە گۆڕێ و رەنگە وەڵامی هەموو پرسیارەکان ئاوا بە پەلە نەدرێنەوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە ئیسلامێکی توندرەو هەیە لە و وڵاتانە دا، ئەمن پێموایە لە سەردەمی ئێستادا هەروەک پێشوو ئاماژەم پێ کرد بە حوکمی ئەوەی کە دێموکراسی نەهادینە دەبێ، ماف نەهادینە دەبێ، کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بە تێکڕا پێشوازی لەوە دەکا و ئوسوولەن دیکتاتورەکان پێگەیەکی ئەوتۆیان نەماوە، پێش بینیی ئەوە ناکەم لەو وڵاتانە دا تەنانەت ئەگەر حیزبی ئیسلامییش هەبێ، تازە ئیسلامی جۆری تاڵەبان، ئیسلامی نەوعی جەمهووریی ئیسلامی یا ئەلقاعیدە دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دوای ئەمنییەت دا دەگەڕێ و ئوسوولەن ئەو وڵاتانە ئیدی پێیان خۆشە لە ئەمنییەت و ئارامش دا بژین. چون دیموکراسی و ئازادی لەگەڵ ئەمنییەت و ئارامی دێتەوە. ئیسلامێکی توندڕەو دیسانەکە مەترسییە بۆ سەر دیموکراسی و زوو ئەو نیگەرانییە لە کۆمەڵگەکە دا جێ دەخا کە نەکا وەک حکوومەتە ئیستبدادییەکانی پێشوویان لێ بێ.

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا ئێمە دەبێ راستیەکیش لە بەر چاو بگرین ئەویش ئەوەیە تورکیە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بە تایبەت لەوکاتەوەکە حیزبەکەی ئەردۆغان دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، تێدەکۆشێ سیمایەکی ئارام و موتەعادل و لیبراڵ لە ئیسلام بێنێتە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە تایبەت دوای ئەو هەموو دەوڵەتانە کە ئیسلامی سیاسی بە ئەلقائیدە و بە توندڕەوی پێناسە کرا، ئەوان دەیانهەوێ بە شێوەیەکی دیکە پێناسەی بکەنەوە. هەر ئەوەشە کە تورکیە ئێستا دەورێکی زۆر دەگێڕێ لە چەندوچۆنی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەو وڵاتانە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. بۆیە پێش بینی دەکەم لەوانەیە لە سەرەتاوە کیشە هەبێ، بە هۆی ئەوەی کە دیموکراسییان تەجروبە نەکردوە، بە هۆی ئەوەی کە دەورانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی ئیستبدادی دابوون؛ گواستنەوە لە دەورانی ئیستبدادی کە فەرهەنگێکی وێرانکەر لە کۆمەڵگە دا درووست دەکا بۆ سەردەمێکی دیموکراسی و ئارامی، لەو دەورانە دا کێشە زۆر دێتە پێش. پێش بینی هەندێک کێشەو لێک هەلبەزێنەوە دەکەم. ئیحتمالی هەیە لە هەڵبژاردنەکانێش دا ئەو کێشانە هەبێ. بەڵام لە درێژ خایەن دا وردە وردە هەمووی ئەو وڵاتانە بەرەو ئەوە دەچن کە دیموکراسی تێیان دا سەقامگیر بێ و هەڵبژاردنی ئازادیش تێیاندا نەهادینە بێ و ببێتە وڵاتێکی موتەنەوویعی سیاسی.

**کوردستان: مەسەلەی سووریە و ئاڵوگۆڕەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئێران و بۆ کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە ئەگەری رووخانی رێژیمی بەشار ئەسەد دا، داهاتووی کورد لە سووریە بەگشتی و لەپارچەکانی دیکەی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**خالید عەزیزی:** دەکرێ بڵێم سووریە بە سێ دەلیل جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەیە، بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بە قەزیەی کوردەوە هەیە. بەشێک لە نەتەوەی کورد لە سوریە دا دەژی. تەبیعەتەن ئەگەر کورد لەو ئاڵوگۆڕانەدا باش کار بکا و لە ئێستادا خۆ رێک بخا و یەکگرتوو یەکدەنگ بن، دەتوانن کاریگەری لەسەر چەند و چۆنی دەسەڵات لە دیمەشق دابنێن و کورد لەوێدا ببێتە فاکتۆرێک کە لە حەددی خۆیدا لەچۆنیەتیی دروستکردنەوەی سیستمی داهاتووی سووریەدا دەور ببینێ. ئەوەش سیگناڵێکی باشە بۆ کورد کە لەو بەشەی کوردستان دا ببێتە خاوەن ماف، لە هەمان کاتیشدا سیگناڵێکی جیددیشە بەو وڵاتانەی کە مەسەلەی کوردیان هەیە بەو واتایە کە دەکرێ قەزیەی کورد بچێتەپایتەختیش و لە رێگای قانوونی و گفتوگۆ و دیالۆگ چارەسەر بکرێ.

لەلایەکی دیکەوە خودی سووریە لەپانتایی سیاسەتی ئەمنیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هاوپەیمانی ئێرانە و تەنانەت بە ئیعترافی زۆران، ئێران پشتیوانیی راستەوخۆ لە مانەوەی حکوومەتی بەشار ئەسەد دەکا و لە باری نیزامی و لۆجیستیکییەوە قەرارگای قودس کە بەشی دەرەوەی سپای پاسدارانە، دەورێکی زۆری هەیە لە سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک و بۆیە تێدەکۆشێ بە هەموو شێوازێک پێش بە رووخانی ئەو حکوومەتە بگرێ. بەتایبەت ئەگەر حکوومەتی سووریە لە رێگای شۆرشێکی جەماوەرییەوە برووخێ، یەکەم پێگەی کۆماری ئیسلامی لاواز دەکاو دۆستەکانی وردە وردە هەر کەم دەبنەوە. دووهەم: ئیلهامێکی باش دەدا بە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بە هەموو نەتەوەکانەوەو بە هەموو ئەوانەی لەپێناوی دێموکراسی دا خەبات دەکەن کە وا رۆژ بە رۆژ ئەو فاکتۆرانە کە دەست دەدەنە دەستی یەک بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی و لە بەین چوونی ئەو حکوومەتە. بەم هۆکارانە پێموایە رووخانی رێژیمی سووریە و سەرکەوتنی شۆرشی جەماوەری لەو وڵاتە هەم کاریگەری باشی لە سەر پرسی کورد دەبێ و هەم پەیامێکیش دەبێ بۆ داهاتووی جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕ لە ئێران .

**کوردستان: هەندێک لە چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە راپەرینی خەڵکی ئێران پاش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ٨٨ دا ، سەرەتای دەستپێکی ئەو سەرهەڵدانە جەماوەرییانە بوو کە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و دواتر سووریەی گرتەوە، واتە بزووتنەوەی سەوزی ئێران بە دەسپێک وپێشەنگی ئەو شەپۆلە دەزانن و لە سەر ئەو بڕوایەن کە سەرکەوتنی شۆڕش لە سووریە، دەستپێکردنەوەی نارەزایەتییەکان لە ئێرانی لێ دەکەوێتەوە. ئێوە دەڵێن چێ؟**

**خالید عەزیزی:** بە باوەڕی من بە دوای ئینقلابی ئێران دا، جموجۆڵەکانی نێوخۆی ئێران

> **پێموایە رووخانی رێژیمی سووریە و سەرکەوتنی شۆرشی جەماوەری لەو وڵاتە هەم کاریگەری باشی لە سەر پرسی کورد دەبێ و هەم پەیامێکیش دەبێ بۆ داهاتووی جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕ لە ئێران**

ل ٤

درێژەی هەواڵ و راپۆرت

## بەڕیوەچوونی سمیناری «ژنان و مافی مرۆڤ لە ئێران» لە سۆئێد

ڕۆژی شەممە ٢٠ ئاگۆستی ٢٠١١، لە شاری ستۆکهۆڵم سمیناری «ژنان و ماڤی مرۆڤ لە ئێران» دا، بەڕیوەچوو.

ئەو سمینارە لەلایەن ژمارەیەک لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی بەرگری لەمافی مرۆڤ، پێک هاتبوو، کە سێ ژنی تێکۆشەری مافی مرۆڤ – کورد، لوڕ و فارس–، پانێلگێڕانی سمینارەکە بوون. ئەو بەڕێزانە بریتی بوون لە: خاتوو گولالە شەرەفکەندی، ڕێزوان موقەددەم و عیفەت ماهباز کە بەزمانی فارسی باسەکانیان پێشکەش کرد.



خاتوو گولالە شەرەفکەندی لەبەشێک لە قسەکانی دا، کوتی: ماڤی مرۆڤ لوتکەی هەرە بەرزی مافی یەکسانییە؛ کە لە ئێرانی ئیسلامی دا، لەسەر بنچینەی «شەریعەت» لێکدەدرێتەوە و بە جیاوازی و نایەکسانی دەست پێدەکا. بۆیە لە چوارچێوە و ساختاری هەڵاواردن (تبعیض) دا، ژنان لە ڕەشەممەی ١٣٥٧ەوە خراونەتە پەراوێزەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا هەروەها کوتی کە پاش هێرش بۆ بەرتەنگ کردنەوەی ژیانی ئازادانەی ژنان، نەتەوەی کوردبە لەژێر پێنانی هۆویەتی تایبەتی نەتەوایەتییەکەی – کە پێشێلکاری مافی مرۆڤە–، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرا. فەرمانی جیهاد لەلایەن خومەینی بە دژی میللەتی کورد درا. ژنان هاوشانی پیاوان بەربەرەکانی و خەباتیان کرد و ژمارەیەکیش بوون بە پێشمەرگە و چەکی بەرگریان لەشان کرد و کەسانێکیش گیانیان فیدای ڕێی ئازادیی کرد. ئەوان نۆرمەکانی پێشوویان شکاندو خەباتیان بۆ ئازادیی نەتەوەیی دەست پێکرد.

ناوبراو بەشداری ژنانی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی دا، لە چوار خاڵ دا پێناسە کرد. یەکەم: تێکۆشان لەنێو حیزب و ڕێکخراواە سیاسییەکان دا، دوویەم: دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سکولار و دێموکڕاتیک، سێیەم: هەوڵدان بۆ کۆمەڵگایەک کە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی تێدابێ و چوارەم: پاراستنی پێناسەی نەتەوییی.

شایانی باسە کە لە درێژەی ئەو سمینارەدا خاتوو ڕێزوان موقەددەم و عیفەت ماهباز باسەکانی خۆیان پێشکەش کرد.

هەروەها بەشی پرسیار و وڵام کە ژمارەیەک بیروبۆچوون و پرسیارەکانیان تێدا باس کرد، بەشێکی گرینگی سمینارەکە بوو کە پڕباسترین و زیندووترین بەشی سمینارەکە بوون. ئەو سمینارە دوای نزیکەی ٤ کاتژمێر لە نێو ڕازامەندیی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشداران دا کۆتایی هات.

## کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی کەم ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان

شەوی دووشەممە لە سەر سێشەممە ٧ لە سەر ٨ی خەرمانانی١٣٩٠(٢٩ لە سەر ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١١)، پێشمەرگەی کەمئەندام حوسێن گوڵی کوڕی مام عەلیی گوڵی، بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

هاوڕێ حوسێن گوڵی ناسراو بە حوسێنی مام عەلی،ساڵی ١٣٣٤لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی مەڵلالەری ناوچەی بۆکان لە دایک بوو. ساڵی ١٣٥٩ ریزی پێشمەرگایەتی لە پێناوی گەل و نیشتمان دا هەڵبژارد. حوسێن لە سەرەتادا لە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دا تێدەکۆشا و لە شەرێکیش دا بە توندی بریندار بوو و زیان بە گورچیلەی گەیشت. ئەو کە هەر لە تەمەنی مێرمنداڵیەوە تووشی نەخۆشیی گورچیلە ببوو ، دوای بریندار بوون و زیان گەیشتن بە گورچیلەی دووهەمی لە گەڵ ئازار و نەخۆشییەکی بەردەوام بەرەورووو بوو.لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٣وە، حوسێنی مام عەلی گەڕایەوە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات. سەرەڕای دەستەوئێخەبوون لە گەڵ نەخۆشی، ساڵانێک لە هێزی بەیان ، وەک پێشمەرگە دلسۆزانە خزمەتی کرد و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرک و تێکۆشانی حیزبیدا بۆ جاری دووهەم بریندار بوو. بەڵام لە دەیەی حەفتای هەتاویدا کە نەخۆشیی گورچیلە دەرەتانی هەڵسوورانی زیاتر و تێکۆشان لە هەلومەرجی دژواری خەباتی پارتیزانیی دا لێ ئەستاندەوە، لە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ و دواتر لە نەخۆشخانی ئازادی، سەر بە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دیموکرات، گیرسایەوە تا لە ژێر چاوەدێریی بەردەوامی پزیشکی دابێ. بەو حاڵەش حوسێن گوڵی،لە کار و تێکۆشان و خزمەت غافڵ نەبوو. وەک پێشمەرگە و وەک هاوکارێکی ئەرکناس و دلسۆزی کادرە دەرمانییەکانی نەخۆشخانە، هەر کارێکی پێیان ئەسپاردبا، ئەنجامی دەدا.

لە هاوکاری لە گەڵ بەشی تەداروکاتی نەخۆشخانە، لە پارێزگاری و نیگابانیدان، لە پاکوخاوێنیی نەخۆشخانە و خزمەتی نەخۆشەکان، درێغی نەدەکرد. مرۆڤێکی قسەخۆش، دەستپاک و ئەمین و دلسۆز بوو.هەر لەو ساڵانە دابوو کە ژیانی هاوبەشی پێک هێنا و لە کەمپی جێژنیکانی حیزبی دیموکرات، جێگیر بوو. ساڵی ١٣٧٨(١٩٩٩) بە پشتگیریی حیزبی دیموکرات و لە رێگای کۆمیسارياى بەرزی پەنابەرانەوە، وەک کەم ئەندامێک رەوانەی وڵاتی نۆرویژ کرا بۆ ئەوەی لە هەلومەرجێکی دەرمانیی باشتر دا لە گەڵ نەخۆشییەکانی بەرەورووو بێتەوە.

سەرەتای گەلاوێژی ئەمساڵ، سەرەڕای نەخۆشی و بارودۆخێکی نالەباری جەستەیی، بۆ دیداری باوکی پێشمەرگە و هاورێیان و خۆشەویستانی گەڕایەوە هەرێمی کوردستان. بەڵام بە داخەوە، باری تەندروستیی بەرەوخراپتر چوو و هەر لە یەکەم ساتەکانی گەیشتنەوە بە کوردستان، لە نەخۆشخانە خەوێندرا وسەرئەنجام شەوی دووشەممە لە سەر سێشەممە ٧ لە سەر ٨ی خەرمانانی١٣٩٠(٢٩ لە سەر ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١١)، کۆچی دوایی کرد. تەرمی هاوڕێی نەمر حوسێن گوڵی، هەر ئەو شەوە لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دیموکرات، بە خاک سپێردرا.



ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی ناوەختی هاوڕێ حوسێن گوڵی ، سەرەخۆشی لە تێکۆشەری دێرین مام عەلیی گوڵی و بنەماڵە و کەسوکاری ئەو نەمرە ، خەڵکی ئاوایی مەڵلالەر و تێکڕای هاوسەنگەران و هاوڕێیانی ئەو تێکۆشەرە دەکا.

**یادی بەرز و بەڕیز ، ڕێگاکەی بەردەوام و ئامانجەکانی بەرقەرار بن.**

درێژەی:

## وتووێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب بەرێز خالید عەزیزی

**جەماوەرییانە بوو کە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و دواتر سووریەی گرتەوە، واتە بزووتنەوەی سەوزی ئێران بە دەسپێک وپێشەنگی ئەو شەپۆلە دەزانن و لە سەر ئەو بڕوایەن کە سەرکەوتنی شۆڕش لە سووریە، دەستپێکردنەوەی نارەزایەتییەکان لە ئێرانی لێ دەکەوێتەوە. ئێوە دەڵێن چی؟**

**خالید عەزیزی:** بە باوەڕی من بە دوای ئینقلابی ئێران دا، جموجۆڵەکانی نێوخۆی ئێران و ئەو شۆڕشە بەرینەی کە لە نێوخۆی ئێران دا بەر لە دووساڵ پێش ئێستا دەستی پێکردوە ، یەکەم لە سەردەمێکدا دەستی پێکرد کە مێدیای نێودەوڵەتی، تەلەڤیزیۆنەکان، ئێنترنێت، لە سەر یەک ئامرازەکانی گەیاندن زۆریان پوشش داو هەواڵەکانی ئەم رووداوە بە زمانی ئینگلیسی، عەرەبی و بە زمانەکانی دیکە زۆر لە دنیا دا بڵاو بۆوە. قەتعەن ئەوە ئیلهامێکی لە نەوعی خۆیدا بە وڵاتانی دیکە و بە کۆمەڵانی خەڵک دا کە دەکرێ جموجۆڵی وا دژی حکوومەتە ئیستبدادییەکان بکرێ. هەروەها بە هەمان شێوە کە دوستانی حکوومەتەکەی ئەحمەدی نژاد و خامەنەیی: حکوومەتەکانی سووریە و وێنزوێلا و کۆریای باکوور و ئەو جۆرە حکوومەتانەن، تەبیعەتەن کۆمەڵانی خەڵک و شۆڕشەکانیان، دۆستەکانیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک تەجروبەی شۆڕشەکان لە وڵاتانی دیکە هەڵدەبژێرن. بۆیە کاتی خۆی کە کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی عەرەبی دەستیان بە راپەڕین کرد، ئیلهامیان لە راپەرینەکەی ئێران وەرگرتوە و زۆریان پێ خۆش بووە. دڵنیام لەمە بە دواش خەڵکی ئێران ئەو ئیلهامەی کە بە وڵاتانی دیکەیان دا ، ئەوجار بە تەجروبەیەکی دیکە_ بۆیە دەڵێم تەجروبەیەکی دیکە، چونکە قەتعەن بەو ئالوگۆڕانەی لەو وڵاتانە هاتنە گۆڕێ، کۆمەڵێک تەجروبەی تێدا هەیە_ لە ئێران دەست پێ دەکاتەوە.

ئەمن پێموایە حکوومەتی ئێران درەنگ یا زوو لە شەپۆلی ئەو راپەڕین و شۆڕشانە رزگاری نابێ و دڵنیام ئەوجار کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر، بە دەرسوەرگرتنێکی زورتر لە رابردووی راپەڕینەکەی پێشوو، دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەست بە راپەڕین دەکەنەوە. راستە ئێستا خەڵک لەبەر زوڵم و زۆری دەسەڵاتی رەهای سوپای پاسداران ناتوانن بێنە شەقام، بەڵام بە مەعنای ئەوە نییە کە خەڵک لە نێوخۆیاندا و لەدڵی خۆیاندا ئەو حکوومەتەیان دەوێ. من پێموایە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران رێژیمی کۆماری ئیسلامیان ناوێ، بەڵام لە دەرفەتێک دەگەڕێن کە مەجالی ئەوەیان بۆ برەخسێ ئەو حکوومەتە برووخێنن.

**کوردستان: وێدەچێ کۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ڕوژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقای گرتۆتەوە لە بەرژەوەندی گەلانی ستەم لێکراو و یەک لەوان کورد بشکێتەوە، ئایا کورد ئامادەیی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی دا هەیە؟**

**خالید عزیزی:** لەبەرئەوەی بەرژەوەندی کورد واتە دروستکردنی بەستەر و زەمینەیەک کە بکرێ ویست و داخوازییەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ تەنیا لە دێموکراسی دا جێبەجێ دەبێ، هەر دوور نەڕۆین ئەوەتا

> **ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە زووەوە گوتومانە هیچ کۆسپێک نین لەسەر رێگای دروستکردنی بەرەیەک یان تەنانەت ئەگەر پێمانوایە ئێستا بەرە زۆر گونجاو نیە، لەسەر رێگەی لێک نزیک بوونەوە یا هاوکارییەکی بەپلان و بەرنامە، لەسەر لانیکەمی شتە هاوبەشەکان، بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموو ئەو رێگاچارانە ئامادەگیمان هەیە و لەو پێوەندییەدا هیچ مەرجێکی تایبەتیمان نییە**

ئالۆگۆڕی دێموکراتیک لە عێراق و پێکهاتنی حکوومەتێکی فێدراڵ، کە جورێک دێموکراسیی تێدا هەیە دەرفەتێکی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردوە. وێدەچێ ئەو دەرفەتە لە سووریە دروست ببێ و ئێستا لە تورکیە بە خۆشییەوە دەستی پێکردوەو بەرەو ئەوە دەچێ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر نەهادینە بێ. ئەگەر لە ئێرانیش کەشوهەوایەکی وا بێتەپێش، یانی کورد فازی یەکەم تێدەپەڕێنێ. کورد تا ئێستا فازی یەکەمی تێنەپەڕاندوە. فازی یەکەم ئەوەیە خۆی لە مەترسیی شەڕو لە نێوچووندا رزگار بکا. ئەگەر لەو وڵاتانەدا دێموکراسی نەهادینە بێ، لەباری رەوانییەوە فازی یەکەم تێپەڕ دەبێ و جووڵانەوەی کورد وارێدی فازی دووهەم دەبێ و دەچێتە نێو پرۆسەی وڵاتداری و ئیدارەی وڵات و شەڕی قانوون و بەشداری لەچەند و چۆنی ئیدارەی ئەو وڵاتانە. ئەو قۆناغەش کاتی دەوێ.

ئەگەر ئەو دەورانەش تێپەڕ بێ لەوانەیە لە درێژەی خۆیدا کورد وارێدی قۆناغی سێهەم یا فازی سێهەم بێ و کورد ئەو کاتە بیر لەوە بکاتەوە لەپانتایی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لەو وڵاتانەی کە بە سەریاندا دابەش کراوە، چۆن بەستێنێک دروست بکا بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک گفتوگۆ لە مەسیری هەڵسەنگاندن و ریفراندۆمێک کە لەگەڵ مەنشوور و قانوونە نێودەوڵەتییەکان بێتەوە، قەزیەی خۆی بێنێتەگۆڕێ. بۆیە من لە سەر ئەو بڕوایەم مادام کورد بۆخۆی شەڕ بۆ دێموکراسی دەکا، بۆ ماف شەڕ دەکا و پشتیوانی دەکا لە دروستبوونی بەستێنی دێموکراسی، قەتعەن لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە کەڵک وەردەگرێ و پێشموایە ئیدامەی ئەو پرۆسێسە لە بەرژەوەندیی کورد دایە بەگشتی.

**کوردستان: لەمێژ ساڵە باس لەگرینگی و پێویستیی پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتوویی لە نێوان سەرجەم لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکرێ. بەڵام دەبینین بە کردەوە حیزب و لایەنە سیاسییەکان پرش و بڵاون و رەوتی پێچەوانەیان گرتۆتە بەر.**

**ئێوە وەک سکرتێری گشتیی یەکێک لە دیارترین لایەنەکان، چۆن دەڕواننە ئەو کێشەیە؟**

**خالید عەزیزی:** پێش هەر شتێک دەبێ ئیعترافێک بکەین، ئەو بابەتە هێندەی باس لێ کراوە و هیچ نەکراوە و هێندە دووبارە دەکرێتەوە و لە کاتێکدا ئێمە هەر لە کەشوهەوای ئینشعابات و لەتبوون و لێک دوور کەوتنەوە داین، وای لێهاتوە بڵێم باسەکە بە مەعنای عام تامی نەماوە. بەڵام بە مەعنای خاس وەک ئەرکی حیزبی هەر لە جێگای خۆیەتی و گرنگیی خۆی بە تەواوی هەیە. ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەوە بێ، یەکەم: پێم خۆشە ئاوا دەست پێ بکەم ئوسوولەن مادام قسە لە بەرە دەکرێ بە مەعنای ئەوەچەندین حیزب لەگۆڕێدا هەن و ئەو چەندین حیزبە دەبێ لەسەر هەندێک مەسەلە تەوافوقیان هەبێ و بکرێ لانیکەم پلاتفۆرمێک یان پرۆژەیەکی هاوبەشیان هەبێ کە وڵامدەری نیازەکانی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەردەمی ئێرانی ئێستا دا بێ. ئەگەر چاو لەو چەند حیزبە بکەین، دوو لای دێموکرات و چەند لای کۆمەڵەی تێدا هەیە، لایەنەکانی دیکەش هەن. بە باوەڕی من تا دوو لای دێموکرات بە جۆرێک لە تەعامول لەگەڵ یەکتر، بە لێک نزیک بوونەوەو لەیەکتر گەیشتنێک و بە تەوافوقێک نەگەن، ناکرێ ئێمە قسە لە بەرەیەکی کوردی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. ئەگەر واقعبینانە بچینە نێو مەسەلەکە، لەبەر ئەوەی بەرە بەو لایەنانە دروست دەبێ، مادام ئەو لایەنانە بۆخۆیان نەیانتوانیوە کۆمەڵێک گرفتی نێوخۆیی چارەسەر بکەن، بۆیە ناکرێ قسە لە بەرە بکەین. من پێموایە ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کەچۆن بکرێ بەستێنێک دروست بکرێ کەچیدیکە لەژێر کاریگەریی رەوانی و کێشەی رەوانیی لەتبوونەکان نەمێنینەوە و هەموو لایەک باسەکە فەعال بکەین و لەژێر رووناکایی ئەوەی کە لە ئێرانی داهاتوودا کە کۆمەڵێک سێناریۆی ناڕوون دێنەگۆڕێ، ئەگەر ئێمە رێگاچارەیەک نەبینینەوە، لەوانەیە کورد نەتوانێ هەلومەرجەکە بقۆزێتەوە و لەوانەیە کەشوهەواکە بە جۆرێک بێ کە ئێمە تەنانەت تێیدا زەرەرمەندیش بین. نازانین داهاتووی ئێران چی لێ دێتەوە و ئەگەر تۆ بە هێزێکی یەکگرتووی کوردی بچیە نێو ئەو گۆڕانانەوە، تەبیعەتەن ئەوکات دەتوانی دەوری خۆت لە حەددی پێویست دا بگێڕی. بۆیە من قەزیەی بەرە لەو روانگەیەوە چاو لێ ناکەم کە ئێمەچەند حیزبین لەگەڵیەکدا دابنیشین و رابگەیەنین کە بەرەمان هەیە. بەڵکوو دەیخەمە نێو خانەی بەرژەوەندیی کورد لە کوردستانی ئێران لە داهاتووی کێشە ناڕوونەکانی ئێران دا و ئەوەیە دەبێ هانمان بدا ئێمە بەرەو ئەوە بچین کە رێگاچارەیەک بدۆزینەوە. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە زووەوە گوتومانە هیچ کۆسپێک نین لەسەر رێگای دروستکردنی بەرەیەک یان تەنانەت ئەگەر پێمانوایە ئێستا بەرە زۆر گونجاو نیە، لەسەر رێگەی لێک نزیک بوونەوە یا هاوکارییەکی بەپلان و بەرنامە، لەسەر لانیکەمی شتە هاوبەشەکان، بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموو ئەو رێگاچارانە ئامادەگیمان هەیە و لەو پێوەندییەدا هیچ مەرجێکی تایبەتیمان نییە.

# گەورەترین کارەسات لە مێژووی نوێی ئێراندا

کوێستان فتوحی

**ئاماژە:**

**بیست و سێ ساڵ بەسەر کارەساتێکی گەورەی ئینسانیدا تێپەڕ بوو. ئەم هەموو ئینسانە بۆ لەناو بران؟ کێن ئەوانەی ئەو حوکمەیاندا؟ چ کەسانێک بەڕێوەیان برد؟ بۆچی بە نهێنی کوژران و تەرمەکانیان نەدرانەوە بە بنەماڵەکانیان؟ بۆ نەیانهێشت گۆڕێکیان هەبێ و بنەماڵەکانیان بۆ ئارامبوونەوەی دڵیان جاروبار بچن لقە گوڵێک لەسەر مەزاریان دانێن؟ ئەوانە چیان کردبوو کە وا کەوتنە بەر قین و نەفرەت؟ بیست و سێ ساڵ تێپەڕی بەبێ ئەوەی تاوانبارانێک بدرێنە دادگا و حوکمێکی دادپەروەرانەیان بەسەردا بدرێ، دیسان یاد کردنەوەی ئەو کارەساتە و بەردەوامیی جینایەتەکانی دیکەی ئەو تاوانبارانە و.....**

ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانداندا بە فەرمانی خومەینی ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەزاران ئینسانی جیابیر و ئازادیخواز لە نێو زیندانەکانی ئێراندا لەناوبران. ئەوان بە تاوانی ئەوەی بیروباوەڕەکانی خومەینی و ڕێژیمەکەیان قەبووڵ نەبوو، کەوتنە بەر رق و قینی جەللادەکانی خومەینی و لە دادگاییەکی فەرمایشی و چەند چرکەییدا گیانیان لێ سەندرا.

خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، کە مانەوە و ڕاگرتنی حکوومەتەکەی لە لەناوبردنی موخالیفان و جیابیرانی سیاسیی ڕێژیمەکەی دا دەدیت، هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیەوە، دەستی کرد بە لەناوبردن و سڕینەوەی جیابیران. بە فەرمانی ئەو بوو ئێعدام و کوشتار بەشێوەیەکی دڕندانە لە زیندانەکاندا دەستی پێکرد و ئەرکی شەرعی و ئیسلامیی! خۆی بەم شێوەیە بەڕێوە دەبرد.

**کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسیی ١٣٦٧**

هەر دوای قەبووڵکردنی بڕیارنامەی ئاگربەسی پێشنیاریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراق کە بە میلیون کوژراو و کەمئەندام و بە میلیارد دولار زیانی ماڵیی بۆ ئێران بەدواوە بوو و خواردنەوەی جامی ژەهری شکست ، خومەینی لە ترسی سەرهەڵدانی نارەزایەتی و شۆرشی خەڵک، بڕیاری دا زیندانیانی سیاسی لەناو بەرێ و ویستی بەم کارە ڕیشەی بزووتنەوەی خەڵک لە دژی ڕێژیمەکەی بەتەواوی وشک بکا. بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارە جینایەتکارانەکەی هەیئەتێکی مەرگی پێک هێناو، ئەم هەیئەتە بە دەستووری خومەینی، گەورەترین گوشتاری لە نێو زیندانەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٧ ئەنجام دا. ئێستا ئیدی ئەو کوشتارە وەحشیانەیەی ١٣٦٧ روونە کێ کردی و بۆ کرا؟

هەرچەند تا ئێستاش زۆر لایەنەکانی ئەم کارەساتە مرۆییە روون نەبۆتەوە و پاش ئەو هەموو ساڵە ئێستاش نە هەموو هۆکارەکان روون بوونەتەوە نە هەموو ئەوانەی دەستیان لەو جینایەتەدا بووە ناسێندراون. تەنانەت لێکدانەوەیەکی روونیش لەسەر ڕێژەی قوربانییەکان بەدەستەوەیە نیە. هەر لایەنەی بە جۆرێک باس لە ژمارەی قوربانییەکان دەکا. لیستێک لە ناوی ئێعدامکراوەکانی هاوینی ١٣٦٧ کە لە لایەن ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤەوە بڵاو کراوەتەوە، نزیک ٥٠٠٠ ناو دەگرێتە خۆی. ئایەتوڵڵا مۆنتەزێرییش لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا ڕێژەی ئێعدامکراوەکان لە ٢٨٠٠ تا ٣٠٠٠ کەس مەزەندە دەکا. هێندێک ڕێکخراوی دیکەی ئێرانییش باس لە ٥ تا ١٥ هەزار کەس دەکەن. موجاهیدینی خەڵکی ئێرانیش ژمارەیەکی یەکجار زۆرتر لەوانە باس دەکا. تەنانەت بە پێی بەڵگەکانی ئەوان ژمارەی قوربانییەکان لە سەرووی ٢٥ هەزار کەسەوە دەبێ. دیارە بێ لەبەرچاوگرتنی هەریەک لەم ئامارانە، هیچ شک و گومانێک لە ڕوودانی کارەساتێکی سامناک لە زیندانەکانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٦٧دا نیە.

**گەورەترین و سامناکترین جینایەت**

ئەو کوشتارە یەکەم جینایەتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵام دەکرێ بە گەورەرین و سامناکترین جینایەت لە مێژووی ٣٢ساڵەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەی دا بژمێرین. بۆهەمووان ئاشکرایە کارنامەی ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە تا ئێستا پڕە لە جینایەتی گەورە و چووک. کوشتاری کۆمەڵ کۆمەڵ لە خەڵکی شار و دێیەکانی کوردستان، بۆ نموونە ئێعدامی ١١ کەس لە رۆڵەکانی کورد لە پادگانی شاری سنە، ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی، کوشتاری خەڵکی گوندەکانی قارنێ و قەلاتان، ئێعدامەکانی ساڵەکانی ٦١ – ٦٠ لە زیندانەکاندا، تیرۆر کردنی سەدان کەس لە کەسایەتییە سیاسییەکان لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران، سەرکوت و هێرش بۆ سەر ژنان و ئێعدامی بەردەوامی لاوان و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەریان لە نێو زیندانەکاندا، کوشتنی خەڵکی زەحمەتکێشی کورد لە مەرزەکان و، هەزاران جینایەتی دیکە لە کارنامەی ئەم ڕێژیمەدا نووسراون و تومار کراون.



دەسەڵاتدارانی ئێران هەمیشە هەوڵیان داوە بە جۆرێک کردەوە جینایەتکارانەکانیان بشارنەوە و ئاسەوارێک لە جینایەتەکانیان نەهێڵن. بەڵام شاهیدانی جینایەتی ٦٧ هەر ساڵێک کە ڕادەبرێ گۆشەیەکی تاریکی ئەم جینایەتە روونتر دەکەنەوە. هەرچەند بە داخەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کارێکی جیددی نەکردوە بۆ مەحکووم کردنی عامیلانی ئەو کارەساتە، بەڵام پەروەندەی کوشتاری بەکۆمەڵی ١٣٦٧ هەر کراوەیە و ئاسەواری جینایەتەکانی دەیەی ٦٠ تا دێت ئاشکراتر دەبێ. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، سەرەڕای پێکهێنانی کوسپ و گیر وگرفتی زۆر لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، بنەماڵەی قوربانییەکان بە تاک و بە کۆ هەوڵی زۆریان داوە تا وڵامێک لە کۆمەڵگەی جیهانی وەرگرنەوە و ئەم کۆمەڵکوژییەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا بەرەسمی بناسرێ و مەحکووم بکرێ. یەکێک لەو هەوڵانەی بنەماڵەکان چوونی بەردەوامیان بووە بۆ گۆڕستانی خاوەران شوێنی ژێر خاک کرانی ئێعدامییەکان، تاکوو بتوانن بەڵگەی ئەو جینایەتە بپارێزن. هەرچەند بە سەدان جار لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە ڕێگرییان لێ کراوە و ئازار و ئەزییەت دراون و بە چەندین جار خاوەران کەوتۆتە بەر هێرش و بە بۆلدزێر خاکەکەیان هەڵگێر و وەرگێر کردوە تاکوو ئاسەوارێک لە بوونی کوژراوەکان نەمێنێ، بەڵام بنەماڵەکان و دایک و خوشکە داغدارەکان بێ گوێدانە هەڕەشە وئازار و گرتن دەچن ئەو بیابانە وشک و بێئاوە دەکەنە دەشتێک گوڵ. ئەوان ئەو خۆڵەیان لەلا پیرۆزە چونکە دەزانن ئازیزە بە ناحەق کوژراوەکانیان، لەوێ بە کۆمەڵ نێژراون. هەموو ساڵێک بە گەرمای هاوین بەرەو خاوەران دەڕۆن و یادی ئازیزانیان بەرز ڕادەگرن. ئەوان لە پێناوی ئازادیدا گیانیان لێ ئەستێندرا ،هەربۆیە کەسوکاریان و ئۆگرانی باوەڕ و ئامانجەکانیان لەسەر مەزاری بێناوونیشانیان، سروودی ئازادی دەڵێنەوە و ئارەزوو دەکەن ڕۆژێک دابێ عەداڵەت بەڕێوە بچێ و ئامانجەکانی قوربانییەکانیان وەدی بێ.

**کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە زمان سەرکردەکانی ڕێژیمەوە:**

**رادیۆی ڕێژیم ( ١٥ی گەلاوێژی ١٣٦٧ )، مووسەوی ئەردەبیلی، بەرپرسی دیوانی بەرزی وڵات:** «دەسەڵاتی قەزایی لە ژێر فشارێکی توند دایە... کە بۆچی ئەوانە ئێعدام ناکرێن؟ دەبێ هەر لە جێوە ئێعدام بکرێن. ئیدی لە موحاکمەو بردنی پەروەندەی مەحکوومین هەواڵێک نابێ ببێ.

**رادیۆی ڕێژیم (١٥ی گەلاوێژی ١٣٦٧ )، موحتەشەمی، وەزیری نێوخۆی ئەو کات:** «... تاوانکارانێک هەن کە حەقیانە ئێعدام بکرێن و بە پێی قانوون هەر دەستەیەک کە ئەسڵەحە هەڵگرێ و ئینسان بکوژێ، رەوایە ئێعدام بکرێ و لە ئاکام دا سروشتییە کە موجاهیدین سزاکەیان ئێعدامە و تەواوی ئەو دەنگۆیانەی دروست کراون پێوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە (بە هۆی بەشداری) لە عەمەلیاتی «مرصاد»دا ئێعدام کراون.... بۆ کۆتایی هێنان بەم مەسەلەیە دەبێ بڵێین کە تەواوی ئەو کەسانەی دەستگیر کراون، یان کەسانێکن کە پێوەندییان بەوانەوە هەبووە، ئێعدام کراون».

**موحتەشەمی ماوەیەک دواتر، لە ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٦٧ لە وتووێژێک لەگەڵ حەوتوونامەی لوبنانی»ی المستقبل دا:** «بۆ ئەوەی یەکجار بۆ هەمیشە چارەسەری ئەو کارە ( ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی نێوخۆ) بکرێ، ‹تەواوی ئەو کەسانەی کە دەستگیر کراون و کەسانێک کە لەگەڵ ئەوان کەوتوون، ئێعدام کراون». ئەوانە لە دژی خەڵک شەڕیان ڕاگەیاندبوو.... کوشتیانن و کوژران. هەر کەسێک بۆ کوشتار لە ئەسڵەحە کەڵک وەرگرێ، سزاواری ئێعدامە. سروشتییە کە موجاهیدینێک کە ئەو کردەوە جینایەتکارانەیان بەڕێوە بردوە دەبێ ئێعدام بکرێن».

**رادیۆی ڕێژیم، ١٥(ی سەرماوەزی ١٣٦٧ ) خامنەیی، سەرکۆماری ئەوکاتی ڕێژیم،** لە کۆبوونەوەیەکی پرسیار و وڵام لە دانشگای تاران، لە وڵامی پرسیارێکی نووسراوی خوێندکارەکاندا گوتی: «بەڵام ئێعدامییەکان، ئێعدامە بە کۆمەڵەکان لە ئێران..... رادیۆی منافقەکانیش هەر ئەوە دەڵێ، مەگەر ئێمە سزای ئێعدامەمان هەڵوەشاندۆتەوە؟ نا! ئێمە لە کۆماری ئیسلامیدا سزای ئێعدامەمان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە موستەحەقی ئێعدامن.... مونافقین هێرشی چەکدارانەیان بۆ سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی کردوە، ئەو کەسەی کە لە نێو زیندان روون بۆتەوە پێوەندیی بەم دەزگایەوە هەیە، بە بڕوای ئێوە دەبێ نوقڵ و نەباتی بۆ بەرین؟ ئەو دەبێ مەحکووم بکرێ بە ئێعدام و ئێعدامیشی دەکەین. لەگەڵ ئەو مەسەلەیە گاڵتە ناکەین».



یەکێک لە خوێندکارەکان لە خامنەیی پرسی: «هۆکاری ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی سەرنجی نەداوەتە پرسی مافی مرۆڤ و ڕێگەی نەداوە بە کارناسانی مافی مرۆڤ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە بکەن و هۆکاری ئەو ئێعدامە گوماناویانە لە ئێران دا چیە، ئایا ئێعدامەکانی رابردوو، تا ئێستا دەردێکیان دەرمان کردوە«؟ خامنەیی لە وڵامدا دەڵێ: «ئەو شێوە پرسیارکردنە، هەر هەمان دەربڕینی پرسیارە کە رادیۆکانی بێگانە و هێندێک کۆڕو کۆمەڵی بێگانە دەیکەن. ئەوەی دەنووسێ هۆکاری گوێنەدانی تەواو بە مەسەلەی مافی مرۆڤ چیە. ئێمە ئەوەمان قەبووڵ نیە بە هیچ شێوەیەک.... ئەوانەی کە لە دژی ئێمە لە دنیا دا لەسەر مافی مرۆڤ لەسەرمان دەڵێن، ئەوانە حەز دەکەن مونافقین و هەموو ئەو کەسانەی ئامانجیان رووخانی ئەو نیزامەیە ، هەر کارێک دەیانەوێ بیکەن، نیزام لە ئاست ئەوانەدا هیچ دژکردەوەیەک نیشان نەدا؟ .... ناکرێ ئەوە بەپێچەوانەی مەسڵەحەتی خەڵکە، بەپێچەوانەی مەسڵەحەتی ئینقلابە..... ئێمە ڕێگە نادەین کە ئەو نوێنەرەی مافی مرۆڤ بێتە ئێرە.....

**رادیۆی رژیم (١٦ی سەرماوەزی ٦٧) ، رەفسەنجانی بەرپرسی مەجلیسی ئەوکاتی رژیم:** « کەسانێک هەن کە خەیانەت دەکەن، موستەحەقی سزان، بەڵێ ئێعدام دەکرێن، بۆ نموونە هەر ئەو جەریانەی رابردووی عەمەلیاتی «مرصاد» کە رووی دا، بەرپرسان لەگەڵ ئەسیرەکانی کە لەوانیان گرت.... روون بۆوە کە کەسانێک بوون لە ناو وڵات دا ئێعترافیان کرد کە لەگەڵ ئەو جینایەتەی کە عێراق و مونافقین بە هاوبەشی دوای ڕاگەیاندنی ئاگر بەس بەڕێوەیان برد.... دایاننابوو تەقینەوەیەکی گەورە لە نێو وڵاتدا بەڕێوە بەرن، باشە ئەوانە سزا دران...».

**تەلەڤیزیۆنی بی بی سی، کاناڵ ٢، لە ڕۆژی ٢٤ی ڕێبەندان، لە بەرنامەیەکدا لە ژێر ناوی «لەنێو ئێرانی ئایەتوڵڵا»** لە پێوەندی لەگەڵ شەپۆلی ئێعدامی زیندانیانی سیاسیدا بڵاوی کردەوە. لە بەشێکی ئەو بەرنامەدا، لاریجانی، جێگری وەزیری کاربازی دەرەوەی رژیم، لە وڵامی پرسیارێکی ڕاپۆرتێری بی بی سی کە لێی پرسی: « چەند ئێعدامی لەو جۆرە لە کاتی ئاگر بەسەوە رووی داوە« گوتی: من بەتەواوی نازانم. فکر ناکەم ژمارەیەکی زۆر بێ.... هەزار کەس، دوو هەزار کەس، شتێکی زۆر نیە. ئێمە دوو میلیۆن ئەفغانی و زیاتر لە نیو میلیون عێراقی بەخێو دەکەین...!

**دەبێ چی بکرێ؟**

ئەو قسانە قسەی بیست و سێ ساڵ لەمەو بەرن، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هیچیەک لە بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بە ڕەسمی و بە ئاشکرا نەهاتوون رەخنە لەو تاوانە گەورەیەی ئەوکاتی خۆیان بگرن. نەک هەر دانیان بە هەڵە و مەحکوومبوونی ئەو تاوانە گەورەیە دا نەناوە و داوای لێبووردنیان لە بنەماڵەی قوربانییەکان نەکردوە، بەڵکوو ئێستاش هەر بەو عەقڵییەتەی ئەو کات وڵات بەڕێوە دەبەن و سەرکوت و کوشتار و جینایەت دژی ئازادیخوازان هەر درێژەی هەیە. بەڵام کاتی ئەوە هاتوە هاونیشتمانان لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات، هەوڵێکی بەربلاو دەست پێبکەن بۆ ئەوەی پەردە لە سەر ئەم کارەساتە دڵتەزێنە لا بدرێ و کۆمەڵگەی نیونەتەوەیی وەک کوشتاری بە کۆمەل و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی سەیری بکا و بەڕیوەبەرانی ئەو جینایەتە بەربڵاوە لە ژێر تەوژم و گوشاری جیهانی دا بدرێن بە دادگا و بە بۆنەی ئەو تاوانانەی کردوویانە، سزا بدرێن.

# ده ساڵ دوای ١١ی سێپتامبر

ئاسۆی حەسەن زادە

کەمتر ڕۆژێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە کە ئەوەندەی ١١ی سێپتامبر لە زەینی خەڵکی جیهاندا جێ کەوتبێ. ئەو جێکەوتنە تەنیا لەبەر بەمێدیایی کرانی لەڕادەبەدەری جینایەتەکە و بێوێنە بوونی هێرشەکە لە چەشنی خۆیدا نیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە لە مانگ و ساڵەکانی پاش ئەو ڕووداوە سامناکەدا بەکردەوە دەرکەوت کە تێرۆریستەکانی ئەلقاعیدە بەو کارەیان تەنیا زەفەریان بە سەمبولەکانی باڵادەستیی سیاسی و ئابووری و نیزامیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبردبوو، بەڵکوو کۆمەڵێک شوێنەواری پێکهاتەیی درێژخایەنیشیان لەسەر پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان و لەسەر بواری بەڕێوەبردنی وڵات بەجێ هێشتبوو.

هەڵسەنگاندنی ورد و هەمەلاگیری بیلانی دە ساڵەی جیهانی پاش یازدەی سێپتامبر لە دەرەقەت و دەرەتانی ئەم دێڕانەدا نیە. یازدەی سێپتامبر کە ئەمڕۆ بە خۆی و ئاکامەکانییەوە بۆتە سووژەیەکی پلە یەک و لەبننەهاتووی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانییەکان و تەنانەت بەرهەمهێنانی کەلتووری، لەو ڕووداوە وەرچەرخێن و بزوێنەرانەی مێژووی مرۆڤایەتی‌یە کە ئەگەر ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییش بەسەر تەواوی هاوکێشەکانی جیهانی پێش خۆیاندا نەهێنن، کاریگەریی چارەنووسساز دەخەنە سەر بنەماکانی زۆربەی ئەو هاوکێشانە لە جیهانی پاش خۆیاندا.

بیرەوەریی یازدەی سێپتامبر پێش هەموو شتێک هەڵگری بارێکی قورسی ڕووحی لەلای مرۆڤی مۆدێرنە کە لەودا دڵەخورپەی سەرچاوەگرتوو لە واقیعی نائەمنی جیهان و نائومێدی لە بەرامبەر سروشتی کوشندەی ئینسان و رامان لە هۆکارەکانی لەخشتەچوونی ئەو کەسانەی ئامادەن لە تافی لاویدا بە ناوی خواوە مەرگی خۆیان بکەنە شقارتەی ئاگری مەرگی سەدان و هەزاران کەسی بێگوناح، تێکەڵی یەکتر دەبن. ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ڕووحییە لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگادا و کریستالیزە بوونی لە بەستێنی سیاسیدا خولقێنەری ئەو پرسیارەیە کە ئایا دژکردەوەی وڵاتانی ئامانجی تێرۆریزم تەنیا وڵامدەری پێویستیی بەپەلەی زاڵبوون بەسەر مەترسییەکی گشتیدا بوو یان لەسەر بنەمای وردبوونەوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو جیهانەش داڕێژرابوو کە «کەمیکاز»ەکانی تێدا لەدایک دەبن؟

یازدەی سێپتامبر یارمەتیی بە ڕێکخستنەوەی ڕیزبەندیی ڕووبەڕووبوونەوە و هاوپێوەندییەکانی نێو دنیای پۆست-ئیدئۆلۆژیک کرد. لەسەر ئاستی بیروڕای گشتیدا، لای بەشێکی بەرچاو لە خەڵک (چ لە ڕۆژئاوا و چ لە وڵاتانی موسڵماندا) ئاکامەکانی ئەو ڕووداوە بە شێوەی جۆربەجۆر و نالێک ڕەهەندی کەلتووری و ناسنامەیی‌یان بەخۆوە گرت، بە چەشنێک کە هێندێک کەس لە سۆنگەی ئەم کارەساتەوە ڕەوایی‌یان بە تێزی شەڕی شارستانییەکان دا، لەو کاتەی دەبوو بیر لە چارەسەری کێشەی لێک نەگەیشتنەکان و یەکتر نەناسینەکان کرابایەوە.

لەسەر ئاستی مامەڵەی نێوان ئەکتەرەکانی سیاسەتی جیهانیدا، یازدەی سێپتامبر هەر لەو کاتەدا کە هەوێن و هۆکاری دووبارە خوێندنەوەیەکی گوتاری و کرداری بۆ شەرعییەتی توندوتیژیی سیاسی و دەرفەتێکی نوێ بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک مەرامی کۆنی سیاسیی بوو، مۆدێلێکی تازە لە کێشە و گرژیشی بەسەر نەخشەی ململانێکانی سەردەمی نوێ دا زاڵ کرد. مۆدێلێک کە لەودا ئەوەندەی شەڕەکە شەڕی زانیاری و ڕەوانی و پڕۆپاگەندایە، ئەوەندە شەڕی خەسار پێگەیاندن و هەموو کاتێک باشتر زەق کردەوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە سەرکەوتنی



**ئایا دژکردەوەی وڵاتانی ئامانجی تێرۆریزم تەنیا وڵامدەری پێویستیی بەپەلەی زاڵبوون بەسەر مەترسییەکی گشتیدا بوو یان لەسەر بنەمای وردبوونەوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو جیهانەش داڕێژرابوو کە «کەمیکاز»ەکانی تێدا لەدایک دەبن؟**

دەست بەسەرداگرتن نیە، هەربۆیەش لۆژیکی نیزامیی سوننەتی، کارایی خۆی لەدەست دەدا.

یازدەی سێپتامبر لەلایەک بووە پاڵنەری دروستبوونی هۆشیارییەکی موسبەتی جیهانی بۆ مامەڵە لەگەڵ پەتایەکی ئینسانیی هەمەلاگیر، هەرچەند کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەستەوەستانی پێناسەیەکی کارای هاوبەش لە تێرۆریزم و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کرد. لەلایەکی دیکەشەوە نەخشی مەترسیداری ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکانی لە ئەلقاعیدەش لە کورتخایەندا هەر ئەوە بوو کە بە لێدان لە لوتبەرزی و شکاندنی سینەمائاسایانەی هەیبەت و شکۆی بەهێزترین دەوڵەتی دنیا، سەلماندی کە تاقمێک مرۆڤ بە خۆخستنە نێوقەدی نیگەرانییەکانی دەوڵەتێکی گەورە دەتوانن سەرتاپا ڕوخسار و میزاجی ئەو دەوڵەتە و تەنانەت هی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بگۆڕن.

یازدەی سێپتامبر هەر لەو کاتەدا دەرفەتێکی بێوێنەی بۆ خۆ تاقیکردنەوە بە دێموکراسییە جێکەوتووەکانی جیهان (ڕۆژئاوا) بەخشی. ئەگەر لەلایەک دژکردەوەی لەپڕی ئەمریکا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چ لەپێوەندی لەگەڵ هێرش بۆ سەر ئەفغانستانی تاڵیبان و چ بەتایبەتی سەبارەت بە هێرش بۆ سەر عیراق زۆر مشتومڕ و دابەشبوونی یاسایی و سیاسیی لە جیهانی دێموکراتیکدا لێ کەوتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەڵام ئەو دێموکڕاسییانە سەلماندیان کە لەسەر کۆڵەکەی قایم ڕاوەستاون. لە حاڵێکدا کە لە بارودۆخی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی گشتیدا گەورەترین هەڕەشە لەڕاستیدا لەسەر خودی بنەماکانی دێموکراسی و پێکەوەژیان و هەرمانی ئازادییە مەدەنییەکانە، کەچی سەرەڕای ملدان بۆ هێندێک بەرتەسک کردنەوەی ئازادییەکان و تەنانەت تووشبوون بە پێشێلکاریی گەورەی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی خاکی خۆیان بەناوی خەبات بەدژی تێرۆریزم، لەسەریەک دەتوانین بڵێین کە ئەو دێموکراسییانە لەولایەنەوە سەربەرز لە تاقیکردنەوەکە هاتنەدەر.

ئەو سەربەرزییە بە مانای سەرکەوتنی بەرەی دێموکرات لە شەڕ بەدژی تێرۆریزمدا نیە کە ئەوەش بە ڕادەی ژیری و گونجاویی ئەو بژارانەوە بەستراوەتەوە کە ئەو بەرەیە لەو بوارەدا گرتوونیە بەر. ڕاستە کە بەهاری عەرەب سەرنەکەوتنی ئەلقاعیدە لە درێژخایەنیدا نیشان دا، چونکە سەلماندی کە ئەو جیهانەی ئوسامە بن لادن ئیدیعای قسە کردن بەناویەوەی دەکرد، تەنیا عەوداڵی بنیاتگەرایی نیە و خەون و ئارەزووی دیکەشی هەن. بەڵام ئەوەش هەر حاشای لێ ناکرێ کە دە ساڵ پاش کردەوە تێرۆریستییەکانی یازدەی سێپتامبر و پاش تەرخانکردنی تێچوویەکی زەبەلاحی ئابووری و ئینسانی (١٠٠٠ میلیارد دۆلار تەنیا لەلایەن ئەمریکاوە و زیاتر لە ٧٥٠٠ کوژراوی هاوپەیمانەکان لە شەڕ بەدژی تێرۆریزمدا)، ئەمڕۆ دنیا لەو ڕۆژەی مانهاتان لە خۆڵ و خوێن گەوزا ئارامتر نیە.

«سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و هیممەتەی لە دە ساڵی رابردوودا بە دژی ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی جیهانیدا دراوە، هێزی زەربەوەشاندنی تێرۆریزمی بنیاتگەرا کەم و زۆر وەک خۆی ماوە و تەنانەت چاودێران و دەبیرخانە رەسمییە دەوڵەتییەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە بە کوژرانی ئوسامە بن لادن ڕێبەری ئەلقاعیدەش هەر نەبێ لە کورتخایەندا شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕدرێ. شەڕ بەدژی تێرۆریزم لەو شەڕانە نیە کە تەنیا بە لۆژیکی نیزامی ببردرێتەوە. بەربەرەکانیی کاریگەری ئەو بەڵایە بەستراوەتەوە بە دەرکی دروستی ریشە مێژوویی و فەرهەنگی‌یەکانی و وردبوونەوە لە هۆکارە دوور و نزیکەکانی لە سیاسەتی جیهانی و مامەڵەی نێوان گەلان و دەوڵەتاندا. ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی دەریان خست کە گوتاری بنیاتگەرا لەو سەرزەمینانەدا کە بەهۆی هەبوونی ڕێژیمە بە رواڵەت سێکولار و لە ناخدا گەندەڵ و سەرەڕۆکان دەکرا سەرزەمینێکی بەپیت بۆ هەڵدانی توندڕەوی و سەلەفییەت بن، ئەو بەرهەمەی نەبووە کە بنیاتگەراکان ساڵهایە سەرمایەگوزاریی لەسەر دەکەن. سەرنەکەوتنی سیاسیی تێرۆریزمی بنیاتگەرا دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەت ڕۆژئاوا هان بدا هەتا بە دیتنێکی ستراتژیکەوە و لە ڕێگای بەرنامەیەکی ورد و پشوودرێژەوە کە بێگومان پێویستی بە پازدان بەسەر کۆمەڵێک بەرژەوەندیی کاتییشدا دەبێ، ئەنگیزەکانی ڕاکێشرانی لاوان بۆ لای گرووپە تێرۆریستییەکان لەنێو بەرێ. پێشخستنی ژێرخانی ئابووری و فەرهەنگیی کۆمەڵگاکان و گەشەکردنی مرۆیی ئەو کۆمەڵگایانە، مامەڵەی دروست لەگەڵ غروور و ئیرادەی گەلانی ناوچە و حەساسیەتەکانیان، پەرەپێدانی دیالۆگ و دۆستایەتیی نێوان کەلتوور و باوەڕەکان، یارمەتیدان بە کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگیی وڵاتان، چاکسازیی حکومەتی و دابەشکردنەوەی عادڵانەی سەروەت و سامانەکان، ... هتد دەتوانن لە ڕێکارەکانی پلانێکی لەم چەشنە بن».*

*ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی پازدەهەم.

# شەڕەکانی قەندیل، تاقیکارییەک بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران

مەسعوود فەتحی

نزیک بە ٢ مانگ لە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر سنوورەکانی باشووری کوردستان تێپەڕیوەو هەتا ئێستاش تۆپبارانی ئەو ناوچانە لەلایەن تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە درێژەیان هەیە و هاوکات فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەرتەشی تورکیەش هەتا ئێستا چەندین جار بنارەکانی قەندیلیان بوردمان کردوە کە لە ئاکامی هێرشەکانی دەوڵەتی ئێران و تورکیە، بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی بناری قەندیل ماڵ و گوزەرانی خۆیان بە جێهێشتوەو ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بوون و چەندین کەسی مەدەنییش بوونەتە قوربانی، لەوانەش بنەماڵەیەکی ٧ کەسی کە چوار لەوان منداڵ بوون. ئەوەی لەم بابەتەدا مەبەستە هەڵوێستی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانە لە ئاست ئەو هێرشانەی کۆماری ئیسلامی بە دژی گەلی کورد کە هەروەک گوترا خەڵکی مەدەنی قوربانیانی سەرەکیی ئەو هێرشانە بوون.

هەتا ئێستا زۆربەی چالاکانی مەدەنیی ئێران لە بێدەنگییەکی گوماناوی دان و بەشێکی دیکەش هەر لە سەرەتای ئەو شەڕانەو بە بیانووی ئەوەی کە گوایە هێزە کوردییەکان جیاییخوازن و هەڕەشە لە تەواوەتیی خاکی وڵات دەکەن پشتیوانیی خۆیان لەو هێرشانە لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و تۆڕ و ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکانەوە دەربڕیوە. ئەم هەڵوێستەش لە ڕاستای سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دایە، چونکە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕانە بزواندنی هەستی ئێرانییەتی کۆمەڵگەی سوننەتیی فارس و ئێرانی بە دژی کوردان و کەڵک وەرگرتن لەو چەواشەکارییە مێژووییە واتە ناودێر کردنی کوردەکان بە جیاییخواز و تاوانبار کردنیان بە هەڕەشە لە تەواوەتیی خاکی وڵات بۆ سەپاندنی دوخێکی میلیتاریستی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە مەبەستی سەرکوتی زیاتری چالاکانی سیاسی، مەدەنی کوردە. پێڕەو کردنی ئەو سیاسەتە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە و هەروەها لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیی، وەک سەرپۆشێک بۆ تاوانە دژەمرۆڤییەکانی سیستمی دەسەڵات بە دژی خەڵکی مافخوازی کوردستان، بۆشاییەکی زۆری لە نێوان گەلی فارس و گەلانی دیکەی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد دروست کردوە، هەر بۆیەش کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران بەتایبەت ئەو دامەزراوو ڕێکخراوانەی کە بۆخۆشیان لە دژایەتیی کۆماری ئیسلامی دان، دەبوو لە ڕاستای پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەدا هەنگاویان هەڵبگرتایە کە بووە بە هۆی دروستبوونی بێ متمانەیی و بەم جۆرەش لە دێموکراتیزە کردنی ئێرانی داهاتوودا ڕۆڵی بەرچاویان بگێڕایە. بە واتایەکی دیکە لە ڕاستای نزیک کردنەوەی گەلانی ئێران لە یەکتر، کاریان بکردایە.

ئەرکی ڕێکخراوو دامەزراوە مەدەنییەکان پێگەیاندنی تاک و بیرمەند کردنی کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی شیاوترین کەسەکان دەنگی متمانە لە تاکەکانی کۆمەڵگە وەربگرن هەتا باشترین و کارامەترین سیستمی بەڕێوەبەری لە وڵاتدا، دابمەزرێ و بەم جۆرەش کۆمەڵگەی مەدەنی بەشداریی پرۆسەی سیاسیی وڵات بێ، واتە زۆرترین بەش لە هاووڵاتییان بەشداری ئەو پرۆسە بن، لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا کە تێیدا نەتەوەیەک دەسەڵاتدار و نەتەوەکانی تر بێدەسەڵات یان کەم دەسەڵاتن.

پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی بندەست، بە واتای هەبوونی ستەمی نەتەوایەتییە و بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمەش پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنیی وڵات بەتایبەت گەلی دەسەڵاتداری فارس، لە نرخە هاوبەشە نەتەوایەتییە مرۆڤییەکانی گەلانی وڵات وەک دەستمایە بۆ هەوێنی پێکهێنانی یەکگرتوویەکی ڕاستەقینە کەڵک وەربگرێ هەتا کۆمەڵگەی مەدەنی واتای ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە، واتە کۆمەڵگە ببێتە مەیدانی هێزی کۆمەڵایەتی و لە هێزی کۆمەڵایەتییەوە هێزی سیاسی بەرهەم بێ.

کەواتە بێدەنگیی کۆمەڵگەی مەدەنیی (وڵات) یا پشتگیریی لە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، بە بیانووی مەترسیدار بوونی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بۆسەر تەواوەتیی خاکی وڵات لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران بە تایبەت ئەو لایەنانەی کە خۆشیان بە دژبەری کوماری ئیسلامی، دیموکراسیخواز و... دەزانن، بە مانای هەبوونی کاریگەریی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو کۆمەڵگایەیە. هاوکاتیش بێدەنگی ئەو بەشە لە چالاکانی مەدەنی کە خۆیان بە داکۆکیکاری مافی مروڤ و مافی ژنان و منداڵان و ژینگە پارێز و... دەزانن مروڤ بەو باوەڕەوە دەگەیەنێ کە پێویستە ئەو بەڕێزانە جارێکی دیکە چەمکەکانیان بە سەر بکەنەوە. لێرەدا پێویست دەکا پێداچوونەوەیەک بە هەڵوێستەکانیاندا بکەنەوە و بە مەحکووم کردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا بە تایبەت هێرشەکانی ئەم دواییانەی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر خاکی هەریمی کوردستان، وێڕای تاوانبار کردنی سیستمی دەسەڵاتی ئێران لە ئاست ئەو تاوانەدا، پشتگیریی خۆیان لە مافەڕەواکانی گەلی کوردو هەموو گەلانی ئێرانی دەرببڕن و بەم جۆرەش هەر لە ئێستاوە بە کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێ و سەردەمیانە لە پرسی نەتەوەکانی ئێران ڕێگە بۆ لە یەک حالێ بوون و چارەسەری ئاشتیانەو پێکەوە ژیانێکی هێمنانە خۆش بکەن. دەنا لە ئەگەری پەرەسەندنی پشتیوانی، یان ڕەچاوکردنی بێدەنگی لە ئاست تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و بە تایبەت هێرش و دەستدرێژییەکانی سپای پاسداران، بە بیانووی جیاییخوازی هێزە کوردییەکان پێدەچێ ناوچەکە بەرەو شەڕێکی نەتەوایەتی، ڕەگەزی بڕوا. بەتایبەت ئەگەر لە هاتنەکایەی هەر چەشنە ئاڵ و گۆڕێک لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات دا مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و لەوانەش مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەبەر چاو نەگیرێ ئەوا ئەو ناکۆکیانەش قووڵتر و قووڵتر دەبنەوە و وڵات و ناوچەکە بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار دەبەن. هەر بۆیە هەڵوێست گرتنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران لە ئاست دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت لە ئاست کوژرانی خەڵکی مەدەنی لەو شەڕانەدا ئەرکێکی مرۆڤدۆستانەو نیشتمانییە.

(بیر و ڕای ئازاد)

# قارەمانانی دوێنێ، دیکتاتۆرانی ئەمرۆ

## (لە پەڕاوێزی شۆڕشی خەڵکی لیبی دا)

وریا رەحمانی

کاتێک ئاورێک لە چۆنێتیی بە دەسەڵات گەیشتنی زۆربەی نزیک بە تەواوی دیکتاتۆرانی ئێستای جیهان دەدەینەوە، دەردەکەوێ کە زۆربەیان یان وەک کەسایەتییەکی میلیتار لە ڕێی کودەتایەکی نیزامی پاش ڕووخاندنی دەسەڵاتی حاکم وەک هێزی سەرەکی، یان وەک کەسایەتیەکی کاریزماتیک پاش هەڵایساندن و وەگەڕخستنی شۆڕشێکی جەماوەری و بەدەستەوەگرتنی ڕکێفی شۆڕش لە دژی دەسەڵاتی زاڵ لە دەوری قارەمانێکی نەتەوەیی دا بە دەسەڵات گەیشتوون. دیارە لە هەر دووی ئەم حاڵەتانەدا ناپەسەندی و لاوازیی دەسەڵات لە توخمە هەرە سەرەکییەکانی هاندەری هێزی گۆڕانە کە لە ئاکامدا لە



لابردن و ڕووخانی دەسەڵاتی زاڵ دا خۆی دەبینێتەوە و بە ئەنجامی دەگەیێنێ. ئینجا بە گشتی خەڵک (یان لانیکەم زۆربەیان) سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن لە دژی چی ڕاپەڕیون و بەرەنگاری بوونەتەوە کەچی کەمترین بەرچاوڕوونیی ئەوتۆیان سەبارەت بە دوارۆژی وڵات و کۆمەڵگاکەیان لە بەردەمدا هەیە و زیاتر لە دەوری کۆمەڵێک دروشم و تەبلیغاتی سەرنجڕاکێش و دڵخوازانەدا کۆ دەبنەوە. لێرەدا ئیتر ڕێبەریی شۆڕش دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و بە هەرچی پتر هەستیارکردنی بارودۆخەکە لە پێناو دەستەبەر کردنی مەشرووعییەتی زێدە بۆخۆی بە تەواوی سواری ڕەوتەکە دەبێ و وەک ئاڵترناتیڤی بەدیهیی مەوجوود دەردەکەوێ. لە وڵاتانی دواکەوتووی دنیادا بە گشتی ئەم ئیرادەی گۆڕانانە زۆر زیاتر لەوەی کە لە هەوڵ و بە مەبەستی گۆڕینی سیستەم و پێکهاتەی دەسەڵاتداریێتیی وڵات دابن، نیازی گۆڕینی حکوومەت و دەسەڵاتیان هەیە. تەنانەت ئەگەر هەندێک جار ئەو گۆڕانە سیستەم و پێکهاتەی دەسەڵاتیش بگرێتەوە، زیاتر لە ڕووکەش دایە و هەمدیس لە بنەمایەکی دیکتاتۆڕانەوە ئاو دەخواتەوە. ئیتر ئیرادە و تامەزرۆیی دەسەڵاتدارێتی و پاوان باڵی خۆی بە سەر ئیرادەی گۆڕانخوازی دا دەکێشێ و ئاراستەیەکی وجودیانەی پێ دەبەخشێ و ماهییەتی بابەتەکە بە دەست لێنەدراوی وەک خۆی دیڵێتەوە. لێرەدا مەجبوورم بگەڕێمەوە بۆ بیرۆکەی جێگۆڕکێی پرسیارە بنەماییەکەی حکوومەت کە لە دەمی ئەفلاتوونەوە هاتە نێو مێژووی ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە (کێ دەبێ حکوومەت بکات؟)، لەگەڵ پرسیارە جیاوازترەکەی «کارڵ پۆپێر» کە دەڵێ: (ئایا شێوازێکی حکوومەتی هەیە کە ڕێگەمان پێ بدات بە بێ زۆر و خوێنڕێژی لە دەست دەسەڵاتێک کە بە ناڕەوای دەزانین، ڕزگار بین؟) ئەگەر هەندێک ورد بینەوە بە ڕاشکاوی دەردەکەوێ کە ڕەنگە زۆر گرینگ نەبێ سەرنجی ئەندێشەی سیاسیی وڵاتێک بەرەو ئەوە ڕابکێشین کە سیاسەتمەدارانی کام تیۆری یان ئەندێشەی سیاسی لە وڵاتێک دا دەسەڵاتدار بن و ڕکێفی حکوومەتیان بە دەستەوە بێ. چونکە ئەزموونی مێژووی سیاسیی جیهان بەڕوونی ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە تەنانەت باشترین مۆدێلەکانیش لە باشترین حاڵەتەکانی خۆیان دا تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی و لە هەلومەرجێکی تایبەت دا کەڵکی شیاویان دەبێ و لە دەروونی هەموو ئیدیۆلۆژییە دەسەڵاتخوازە بێسنوورەکان دا جۆرێک لە دیکتاتۆری و پاوانخوازیی دوگمی بێکۆتایی حزووری هەیە کە مەجالەکان تا ئاستی نەدیتنی هیچ



ئەندێشەیەکی جیاواز لە خۆی بەرتەسک و بەرتەسکتر دەکاتەوە. بەڵکوو پێویستە بە لە کارکردنی پێکهاتە و سیستەمی ئازاد و دێموکراتیکی گونجاو لەگەڵ ئەتنیکی وڵاتەکان دا ئەگەری بەشداری و لە شانۆدابوونی هەر هزر و ئەندێشەیەکی تایبەت لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتاندا ـ بە مەرجی سنووردار کردنی دەسەڵات و پاراستنی بایەخە مرۆڤی و نیشتمانییەکان لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی و سەروەریی نەتەوەییدا ـ ئاسانتر بکەینەوە. وێدەچێ کە ئەگەر ڕوانگەی خۆمان لە چییەوە بەرەو چۆن بگۆڕین کلیلی چارەسەریی زۆرێک لە کێشە هەنووکەیی و مێژووییەکانمان دۆزیبێتەوە. بەڵام ئەم فاکتۆرە گرینگ و ئەم تێبینییە کارسازە بەداخەوە لە ناخودئاگای هیچ کام لەم ئیرادانە دا کە لە هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتدارانن نیە و لە باشترین حاڵەتەکانی خۆیاندا تەنیا حکوومەتێکی نامرۆڤانەی ناشایستە لادەبەن. کەچی هیچ زەمانەت و گارانتییەک بۆ لێهاتوویی و کراوەبوونی حکوومەتی داهاتوو کە لە ئاکامی ڕووخانی حکوومەتی پێشوو دا دێتە سەرکار نیە و تەنانەت جاری وایە خراپتریش دەبێ.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە مەبەستی ئەم نووسینە هەرگیز بە تەمای هێنانە بەرباس و کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێ بە سەر هەندێک پێشبینی و گریمانەی سیاسیی ڕووت دا نیە، بەڵکوو ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی مێژووی جیهان بکەین بە ڕوونی دروستی و حەقانییەتی ئەم دێڕانەمان بۆ دەردەکەوێ. لە ڕاستیدا مەشرووعییەتی شۆڕش هەرگیز مەشرووعییەتی دەسەڵاتی بەدواوە نیە. سەرکردەکانی شۆڕش ڕەنگە باشترین هێز و ڕێبەرانی بەرەنگاربوونەوە و ڕاپەڕین لە پێناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتی ستەمکاری حاکم دابن، بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نیە کە باشترین و لێهاتووترین هێز و دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات لە قۆناغی دوای ڕووخانیش دا دەبن.

کەچی ڕێک بە پێچەوانەوە بە گشتی لەمجۆرە حاڵەتانەدا شاهیدی دڕندانەترین و ناشایستەترین ئەگەرەکانی دەسەڵاتداریەتیی مەوجوود دەبین. تەنانەت کە زۆر جاران خۆزگەش بە حکوومەتەکانی پێشوو دەخوازرێتەوە. (نموونەی وڵاتانێکی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران، کوبا، چین، کۆریەی باکوور، حکوومەتی بەعسی عێراق و سووریە، شورەوی «سۆڤییەتی پێشوو»، تالیبانی ئەفغانستان، حکوومەتی قەزافی لە لیبی و... زۆربەی نزیک بە تەواوی



حکوومەتە خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەم وڵاتانە بە گشتی لە ڕێی کودەتا یان شۆڕشێکی جەماوەریی بەرینەوە بە ئیرادەی گۆڕان و لە پێناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتی زاڵی سەردەم دا بە دەسەڵات گەیشتوون. لێرەدا نامەوێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بچمە سەرباسی حکوومەتەکانی کودەتا. چوون تەکلیفی ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر دیارە و ڕاشکاوانە لە ڕەهەندی هێزەوە دەجووڵێنەوە و دەدوێن. هەر چەند کە هەندێک جار ڕەوتی ڕووداوەکان بە جۆرێکە کە ئەوانیش لە زەرفییەتەکانی شۆڕش کەڵک وەردەگرن و پرێستیژێکی مەیلەو شۆڕشگێڕانەی پاساودەرانە بە خۆیان دەبەخشن و لە درێژەدا خۆیان وەک ڕزگاریدەرانی نەتەوەیی نیشان دەدەن. بەڵکوو ئاماژەی سەرەکیی گرینگ و هەستیاری ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ ڕووی لەو حکوومەتە ئینقلابیانەیە کە لە ئاکامی ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی گۆڕانخواز لەپێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی زاڵ و هەڵبەت ستەمکار دا بە دەسەڵات گەیشتوون. ئینجا بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پاشخانی مەشرووعییەت و پشتگیری یە بەرینە جەماوەرییەی کە لە ئاکامی شۆڕش دا بە دەستیان هێناوە و بە کەڵک وەرگرتن لە پوتانسیەلە جۆراوجۆر و تایبەتەکانی دێموکراسی لە پانتایی گەمە و مانۆڕە سیاسییەکانی وڵات دا، دەسەڵاتێکی وەها ڕەها و تاک ڕەهەندیانە دەستەبەر و مسۆگەر دەکەن کە گەرای وەحشەتناکترین حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

لە چوارچێوەی ئەمجۆرە حکوومەتانەدا هەموو شتێک سنوورمەند و چوارچێوەدارە و لەگەڵ ئەستەمترین دەبێ و نابێ (باید و نباید) یەکان دا ڕووبەڕوو دەبێتەوە و لە چوارچێوەی بیرۆکە و ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت دا پێناسە دەکرێ، جیا لە خودی دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتیی حکوومەت کە هیچ سنوور و چوارچێوەیەک لە خۆی ناگرێ.

گرفتی سەرەکی و توخمی ونبووی ئەم پێکهاتە دیکتاتۆریانەی دەسەڵات، نەبوونی ئازادییە و بە پاساوی جۆراوجۆر ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرتەسکتری دەکەنەوە و ڕێگای گەشە و ژیانەوە (باز تولید)ی بەردەوام و تەندرووستی سیاسیی وڵاتی پێ دەگرن و جارێکی دیکەش هەمدیسان هاوکێشەکان جێگای خۆیان بە کێشەکان دەدەنەوە.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا چەندین ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی لە هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دژی حکوومەتە سەرکوتکەرە دیکتاتۆرەکانی زاڵی ئەو وڵاتانە دا پێکهاتوە کە



بە گشتی لە مێدیا و ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان دا بە ناوی بەهاری عەرەبی دەناسرێتەوە. گشتی ئەم ڕاپەڕینانە کە لە چوارچێوەی شۆڕشگەلێکی جیاواز بە مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی زاڵی وڵاتەکانیاندا خۆیان دەبیننەوە، سەرەڕای لێکچوون و هاوبەشبوونێکی ئەساسی لەگەڵ یەکتردا، بەڵام لە چەند ڕەهەندێکی تایبەتیشەوە هێندێک جیاوازیی سەرەکیشیان لەگەڵ یەکتر هەیە. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک میسر دا ڕاپەڕینەکە بە بێ ئەوەی سەرکردایەتییەکی تایبەت و دیاریکراوی پێش وەختی هەبێ،بە نیازی لابردن و نەهێشتنەوەی حوسنی موبارەک و داروودەستەکەی لە لوتکەی دەسەڵات دا کەوتە ڕێ و لە ئاکامی حدوودی ١٨ ڕۆژ خەباتی بەردەوامی مەدەنیی خەڵکی ئەو وڵاتەدا بە شێوەی خۆپیشاندانی شەقامی لە چەند شاری گرینگ لە کۆتایی دا بە دەرئەنجامی خۆی گەیشت و ئێستاش خەڵک و بژاردە سیاسییەکانیان خەریکی تاوتوێ کردنی سیستەمێکی گونجاوی سیاسی و خۆئامادە کردن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و بەشداریکردنی چالاکانەتر لە پرۆسەی سیاسیی ئایندەی ئەو وڵاتە دان. کەچی لە وڵاتێکی وەک لیبی دا خەڵک شێوازێکی دیکە (توند و تیژانە)ی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسێکی وەها لە کار کرد. هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەوە خەڵکی لیبی (یان بەشێک لە خەڵک وەک ئۆپۆزیسیۆنی بەدیل) بە چەکەوە هاتنە مەیدان و ڕەهەندێکی چەکدارانەیان بە شۆڕشەکەیان بەخشی و بە شێوەیەکی توندوتیژانەترەوە بەرەو ڕووخاندنی حکوومەت و دەسەڵاتەکەی «قەزافی»یەوە چوون. شوورایەکی کاتی ڕکێفی شۆڕشی بە دەستەوە گرت و هێشتا ڕێژیم نەڕووخابوو کە سەرۆکی ئەو شووڕایە وەک سەرۆکی وڵات (لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتی) لە مێدیاکان دەرکەوت. شۆڕشی لیبی یەکێک لە خوێناویترین و پڕ کارەسات ترین شۆڕشەکانی چەند دەیەی ڕابردوو بووە کە ڕاستەوخۆیانە شێوازێکی چەکدارانە و پڕ لە توندوتیژیی تێدابوو. لە ڕاستیدا لە بەراوردی ئەو دوو شۆڕشەی عەرەبی (میسر و لیبی) ڕاشکاوانە مشووری بەرزتری سیاسیی خەڵکی میسرمان لە بەرامبەر خەڵکی لیبی دا بۆ دەردەکەوێ. پڕ دیارە کە هەر وڵات و کۆمەڵگایەک هەلومەرجی تایبەتیی خۆی هەیە و ناکرێ مۆدێلی وڵاتێک دەقاودەق بۆ وڵاتێکی دیکە بگوازرێتەوە. بەڵام پێموایە دیسانیش دەکرا بە تێچوویەکی کەمتر و گارانتی و دەسکەوتێکی زیاترەوە ئیرادەی گۆڕانخوازیی لیبییش بە دەرئەنجامەکانی خۆی گەیشتبا. «هێمنگوێ»



دەڵێ: «ڕەنگە چەک پارێزەر بێ، بەڵام هەرگیز ڕزگاریدەر و بەرهەمهێنەری ئازادی نابێ».

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا لە وڵاتێک دا کە ڕاپەڕین و شۆڕشێکی جەماوەری کە خوازیاری گۆڕانە ئاراستەیەکی وەها پەیدا دەکا و چەک تێیدا دەوری باڵادەستی دەبێ، دەتوانین چاوەڕوانیی داهاتوویەکی پرشنگدار یان لانیکەم بێ کێشەمان هەبێ؟! ئایا

**گرفتی سەرەکی و توخمی ونبووی ئەم پێکهاتە دیکتاتۆریانەی دەسەڵات، نەبوونی ئازادییە و بە پاساوی جۆراوجۆر ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرتەسکتری دەکەنەوە و ڕێگای گەشە و ژیانەوە (باز تولید)ی بەردەوام و تەندرووستی سیاسیی وڵاتی پێ دەگرن و جارێکی دیکەش هەمدیسان هاوکێشەکان جێگای خۆیان بە کێشەکان دەدەنەوە**

دەکرێ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی مرۆیی و ماف پەروەرانە لە کەرەستە و ئامرازی نامرۆڤانە کەڵک وەربگرین؟!

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە هەمووی ئەو وڵاتانە دا کە ئێستا شەپۆلە بەهێزەکانی ئەم گۆڕانخوازی و ڕاپەڕینانەیان تێدا هەستاوە یان لەوانەیە لە داهاتوودا بیانگرێتەوە ئەگەر ڕوانگەیان سەبارەت بە هاوکێشە و پرسی حکوومەت لە وڵاتەکانیان دا نەگۆڕن و هەمدیسان لە چوارچێوەی لابردنی ڕێژیمێک (سەرکوتکەر و ناشایستە) و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دیکە (جا هەر چۆنێک) دا بیر بکەنەوە، دوور نییە کە دیسانیش شاهیدی دووبارە بوونەوەی مێژوو بین و جارێکی دیکەش بۆ ڕزگار بوون لە دەست حکوومەتێکی سەرکوتکەری دیکە نەسلێکی دیکەش فیدا بێتەوە و بگەڕێنێتەوە سەر خانەی یەکەم.

# سوپای قودس، لە بازنەی گەمارۆکانی رۆژئاوادا

ئاڵەشین

سوپای قودس بەشێکە لە سوپای پاسداران کە لە جەنگەی شەڕی ئێران و عێڕاقدا بە مەبەستی چالاکی لە نێوخۆی سنوورەکانی عێراق دا دامەزرا. ئەم لکە لە سوپا لە ماوەی شەڕ دا بە ئەنجامدانی چەندین چالاکی لە نێوخۆی عێراقدا، دیارە بە یارمەتیی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری ئەوکاتی سەددام، توانیی تا رادەیەکی زۆر ئەزموون و تاقیکاری وەدەست بێنێ و ببێ بە هێزێک کە بە بڕوای هێندێک لە شرۆڤەکاران بوو بە یەکێک لە کارامەترین هێزە تایبەتەکانی جیهان. پاش کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ماڵوێرانکەری نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە، بارودۆخی سیاسیی ئێران گۆڕا و و سوپای پاسداران ئەو رۆڵە گرینگەی جارانی نەما. کەواتە ئەو هێزە نیزامی_ ئەمنیەتییە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ولات دا وەک هێزێکی کاریگەر و دەسرۆیشتوو پێگەی خۆی لە دەست دا.

بەڵام سوپا کە بە کۆڵەکە و پارێزەری سیستمی کۆماری ئیسلامی دەژمێردرا، دوای شەر لە دوو بواردا هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە تا نەک هەر هێزە کاریگەرەکەی جاران بێ بەڵکوو لە جارانیش زیاتر پەل لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکدا داکوتێ و کۆنترۆڵی وڵات بگرێتە دەست:

١_ بردنە سەری توانای نیزامی و تفاق و چەک و پەروەردەی کادری پسپۆڕ

٢_ چالاکی لە بواری ئابووری لە ژێر ناوی ئاوەدانکردنەوە دا.

بە پەل داکوتانی سوپا و پتەو بوونی لە بواری ئابوورییەوە و هەروەها گرتنە دەستی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات؛ سوپای قودس لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و رەوتی سیاسیی ویلایەتی فەقیە، چالاکییەکانی خۆی لە ناوچە و وڵاتانی دەورووبەر پەرەپێدا. پشتیوانی لە ئەحمەد شا مەسعوود لە شەڕی دژی ئەرتەشی سوور و یەکیەتیی سۆڤییەت، دیسان یارمەتیدان بە ئەحمەد شا مەسعوود لە شەڕ دژی تالیبان، پشتیوانی و گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بە شەڕکەرە ئیسلامییەکانی بۆسنیایی لە یۆگۆسلاڤی و پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان و بزووتنەوەی حەماس لە فەلەستین و هتد، بەشێک لە کارنامەی سوپای قودس پێک دێنن. کەواتە بە کردەوە سوپای قودس بوو بە مەئمووری رێکخستن ، پەروەردەکردن، پڕ چەک کردن و سەرمایەگوزاری لەسەر هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامگەرا لە ناوچە و جیهاندا و هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی موسوڵمان.

پاش رووخانی حکوومەتی سەددام لە عێراق، حکوومەتی تاران لە رێگەی سوپای قودسەوە لە لایەکەوە ویستی دەسەڵاتی لەرزۆکی فیدراڵی بەرەو شیعەکانی سەر بە رێژیمی ئێران داشکێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە ناردنی تفاق و چەک و تەقەمەنی بۆ گرووپە توندڕەوەکان و هەروەها کردنەوەی فێرگە و پەروەردەکردنی ئەندامانی ئەم گرووپانە، هێزەکانی هاوپەیمان و ئەمریکا لە عێراقدا وەک دەڵێن لە زەلکاو دا حاسێ بکا.

سوپای قودس هەروەها پەلی هاویشتە ئەمریکای لاتین و بە دامەزراندنی دۆستایەتیی دەگەڵ ڤێنێزوئێلا چالاکیی بەناو کۆمپانیا ئابوورییەکانی خۆی بۆ ئەمریکای خواروو راگوێزێ.

تیرۆری سەدان کەسایەتی و دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، قاچاخی چەک بۆ وڵاتان و بەتایبەت بزووتنەوە ئیسلامییەکان (بۆ وێنە ناردنی چەک بۆ گامبیا کە لە نیجێریە دەستی بەسەردا گیرا)، تاوانبار بوون بە تەقاندنەوەی سەفارەتی ئیسرائیل لە ئارژانتین و هتد، بەشێکن لە جینایەتەکان و کارنامەی دەستوەردانی بەڵگە نەویستی سوپای قودس و کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی جیهاندا.

سوپای پاسداران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە وەک رێکخراوێکی سیاسی، عەقیدەتی و سەربازی- ئەمنییەتی لە نێوخۆی وڵات، وەک ماشێنی سەرکوتی جیابیران و ئازادیخوازان خۆی دەرخستوە و لەم بوارەشدا دەستی بە خوێنی دەیان و سەدان و هەزاران هاونیشتمان سوورە. قڕ کردنی دانیشتووانی چەندین گوند و زۆر نموونە لە کوشتاری بەکۆمەڵ لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە رابردوویەکی دوورو درێژیان لە خەبات دژی دیکتاتۆری و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لەم پارچەیەی کوردستان دا هەیە؛ کوشتوبڕی خەڵکی ئازەربایجان لە ناوچەی ئەردەبیل، راوەدوونانی خەڵکی بەلووچ و... هەموو جینایەتی دژە مرۆیین کە بە نێوچاوانی سوپاوەن.

بەڵام سەرکوتی ناڕازیانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری، روخساری قێزەونی سوپای لە جاران باشتر بۆ جیهانیان دەرخست. تەقەی راستەوخۆ لە رێپێوان و خۆپیشاندانی هێمنانەی ناڕازیان، گرتن و ئەشکەنجەدان، دەسدرێژی و سەرکوتی بەرینی خەڵکێک کە تەنیا داوایان پرسینەوە لە دەنگەکانیان بوو، بوو بە مایەی بێزاریی هەرچی زیاتری بیروڕای گشتیی جیهان لەم دەزگا ترسناکەی کۆماری ئیسلامی.

بەڵام ئەوە هەموو شتێک نییە. لەگەڵ جووڵانەوەی نوێی گەلانی باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بە بەهاری عەرەب ناوی دەرکرد، سووریە دۆست و هاوپەیمانی ستراتژیکی کۆماری ئیسلامی کە دەتوانین بڵێین پردی پێوەندیی نێوان ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان و گرووپی حەماس لە فەلەستینە، کەوتە دۆخێکی نالەبارو ئەوە نیزیک بە شەش مانگە راپەڕینی خەڵک، ئاسوودەیی لە بەشار ئەسەد هەڵگرتوە.

کۆماری ئیسلامی کە زۆر بە باشی دەزانێ بە لە دەستدانی بەشار ئەسەد لە سووریە تا چ رادەیەک دەستی لە ناوچەکە کورت دەبێتەوە وکورد وتەنی لە پەڕوپۆ دەبێ، هەموو توانای خۆی بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد خستۆتە گەڕ و سوپای قودس بە چڕی بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران لەو وڵاتە دەست بەکار بووە.

هەر لەم پێوەندییەدا هێندێک لە هەواڵدەرییە عەرەبییەکان باس لەوە دەکەن کە ژمارەیەک لە ئەندامانی سوپای پاسداران کە دەستیان لە کوشتنی خۆپێشاندەرانی شاری دەرعا دا هەبووە کەوتوونەتە دەستی خەڵک. شاهیدان باس لەوە دەکەن ژمارەیەک لە ئەندامانی سوپای قودس لە هێرش بۆ سەر مزگەوتی «العمری» دەرعا بەشدار بوون، چونکە ئەو کەسانەی لەم هێرشەدا دەسگیر کراون بە فارسی دواون. هەروەها زۆربەی رێکخراو و پارتەکانی دژبەری بەشار ئەسەد لە سووریە رایانگەیاندوە کە سەدان پاسداری سوپای قودس بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی هاتوونەتە سووریە و زۆربەشیان لە دەرعا دامەزراون. هەروەها لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن رایانگەیاندوە بەشار ئەسەد بۆ سەرکوتی خەڵکی سەر شەقام یارمەتی لە چەکدارەکانی حیزبوڵڵا وەردەگرێ کە لە لایەن رێژیمی تارانەوە پشتیوانیی دارایی و نیزامی دەکرێ. هەر لەم پێوەندییەدا ئۆپۆزیسیۆنی سووریە چەند ڤیدیۆی لەم کەسانە لە سەر تۆڕی ئینتێرنێت بڵاوکردۆتەوە کە سەر بە سوپای قودس و حیزبوڵڵای لابنانن.

کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران بۆ یارمەتیدان بە بەشار ئەسەد سەریان بە هەموو دەرکێک دا کرد بۆ یارمەتیدانی رێژیمی سووریە لە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئەو وڵاتەدا هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان چڕ کردەوە. هەر لەم چەند مانگەی دوایی دا چەند باری چەک و تەقەمەنیی نێردراوی ئێران بۆ سووریە لە خاکی تورکیە دا دەستی بەسەر داگیرا.

رۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٠، تورکیە لە فڕۆکەخانەی شاری (کیلیس) دەستی بەسەر باری فڕۆکەیەک داگرت کە بەرەو سووریە دەچوو. بە پێی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئێران ناتوانێ چەک و تەقەمەنی بۆ وڵاتانی دیکە بنێرێ و هەر وڵاتێک بە سەرپێچی لەم بوارەدا بزانێ دەبێ بە ئەنجومەنی ئاسایش رابگەیەنێ.

هەروەها رۆژنامەیەکی ئەڵمانی باسی لە بارێکی دیکە کردوە کە لە ١٠ی بانەمەڕی ١٣٩٠ لە خاکی تورکیە دا دەستی بەسەر داگیراوە. دیارە ئەوە یەکەم جار نییە کە ئێران باری چەک و تەقەمەنیی لە وڵاتان لێ دەگیرێ و پێشتریش لە فڕۆکەخانەی سێئولی کۆریای باشوور، سەنگاپوور، نیجێریە، ئیتالیا، ئەفغانستان و ئاوەکانی دەریای سپیی نێوەڕاست، دەست بەسەر باری چەک و تەقەمەنیی ئەو رێژیمە داگیراوە یا لەم بارەوە لێی لە هەڵلا دراوە. رەشەممەی ١٣٨٩ لە دیاربەکر پاش پشکنینی فڕۆکەیەکی بارهەڵگری ئێرانی هێندێکی زۆر چەکی کەلاش، تەقەمەنی، خۆمپارە و شتی دیکەی جەنگی دەرکەوت. لە لایەکی دیکەوە بە پێی هەواڵی رۆژنامەی «دەیلی تێلگراف» لە سەردانی ئەم دواییانەی راوێژکاری ئەمنییەتیی بەشار ئەسەد بۆ تاران، هەرتک لا رێککەوتوون سوپای قودس بنکەیەکی سەربازی لە فڕۆکەخانەی شاری بەندەری لازقیە دروست بکا تا لەم رێگەوە ئێران بتوانێ باشتر یارمەتییەکانی خۆی بگەیەنێتە سووریە و هاوپەیمانەکانی لە لوبنان و فەلەستین. بە پێی زانیارییەکان بڕی ٢٣ میلیۆن دۆلار بۆ ئەم بنکەیە تەرخان کراوە. لەم پێوەندییەدا ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە بە رۆژنامەی «نیویورک تایمز»ی راگەیاند کە: «راستە کە هاوپەیمانێتیی ئێران و سووریە کۆن و لە مێژینەیە بەڵام لەو کاتەوە بەشار ئەسەد هاتۆتە سەر کار قۆناغێکی نوێی بڕیوە. پێوەندیی ئێران لەگەڵ سووریە پێوەندیی بە «هیلالی شیعی»یەوە هەیە و لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا تا باشووری لوبنان درێژ دەبێتەوە». هەر ئەم بەرپرسە دەڵێ روون و ئاشکرایە ئێران لەم ماوانەی پێشوودا شەش میلیارد دۆلاری یارمەتی رێژیمی سووریە کردوە بۆ ئەوەی لە قەیرانی دارایی دەرباز بێ.

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە چاو وڵاتی دیکە وەک توونێس، میسر، لیبی و... بە پارێزەوە دەڕوانێتە ئاڵوگۆڕەکانی سووریە و تا ئێستا هەڵوێستی کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت هەوڵی ئەمریکا و یەکیەتیی ئوروپا تەنیا خۆی لە چەند گەمارۆی بەرپرسانی باڵای سووریە دا دیوەتەوە، ئەگەرچی لەم ماوەیەدا باس لە گەمارۆی نەوت و گازی سووریەش دەکرێ.

سوپای پاسداران کە پێشتریش لە چەند لایەنەوە بە هۆی دەسوەردان لە کاروباری وڵاتان، پشتیوانیی لە گرووپە رادیکالە توندئاژۆکان، دەورلێدانەوەی گەمارۆکانی ئەنجومەنی ئاسایش، دەست هەبوون لە بەرنامەی ناوکیی ئێران دا، سەرکوتی خۆپیشاندەرانی دوای خولی دەیەمی سەرکۆماری لە ئێران و تیرۆر و تەقاندنەوە و... گەمارۆی خرابووە سەر، هەمیسان لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە تاوانی یارمەتیدان و پشتیوانی لە حکوومەتی بەشار ئەسەد بۆ بەشداری لە سەرکوتی ناڕازییانی ئەو وڵاتەدا گەمارۆی خرایەوە سەر. یەکیەتیی ئەرووپا پێشتریش لە سەرەتای پووشپەڕی ئەمساڵدا ناوی قاسم سلێمانی، فەرماندەی سوپای قودس، محەمەد عەلی جەعفەری فەرماندەی گشتیی سوپا و حوسێن تائیب فەرماندەی ئیتلاعاتی سوپای لە سەر یارمەتیدانی بەشار ئەسەد، خستە ریزی لیستەی گەمارۆکانەوە.

هەروەها ئەمریکاش قاسم سلێمانی و موحسێن چیزەری یەکێکی دیکە لە فەرماندەکانی سوپای لە لیستی گەمارۆکانی زیاد کردبوو. بەڵام چوارشەمە ٩ی گەلاوێژ یەکیەتیی ئورووپا دامەزراوی سوپای قودسی بە گشتی خستە نێو ریزی گەمارۆکانی خۆیەوە و بەمجۆرە ژمارەی دامەزراو و ئەو کەسانەی کە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە هۆی ئاڵوگۆڕەکانی سووریەوە گەمارۆدران دەگاتە ٩ دامەزراو و ٥٠ کەس. دەکرێ بڵێین رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دووپات کردنەوەی میتۆدی یەکیەتیی سۆڤییەت لە شەڕی سارد لەگەڵ بلوکی رۆژئاوادا دەیەوێ ماوەی مانەوەی دەسەڵاتی نەگبەتی خۆی لە ئێران درێژتر بکاتەوە و لەم بوارەدا لە پێوەندیی کردن بە هیچ رەوت و لایەنێکی دژی رۆژئاوا سلی نەکردۆتەوە و ناکاتەوە. راپۆرتی رۆژی چوارشەممە ١٤ی بانەمەڕی کۆنگرەی ئەمریکا بە روونی باس لە پێوەندیی هێزەکانی سوپای قودس لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە دەکا و دەڵێ سەرەڕای جیاوازیی مەزهەبی هێزە تایبەتەکانی سوپای پاسداران، لە نێوان «سوپای قودس» لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدە پێوەندییەکی گەرم و گوڕ لە ئارا دایە کە مەبەستیش رووبەروو بوونەوە دژی ئەمریکا لە باشووری ئاسیایە.

لەم راپۆرتەدا کۆمپانیای کرونوس شی دەکاتەوە کە سەرەتای دامەزرانی پێوەندیی نێوان ئەلقاعیدە و قودس دەگەرێتەوە بۆ دەیەی ٩٠ی زایینی؛ واتا ئەو کاتەی سوپای قودس یارمەتیی بێن لادەنی دەدا کە حیزبوڵڵای لوبنان رابێنێ.

دوای رووداوی تیرۆریستی ١١ی سێپتامبرەوە، هاوکاریی نێوان ئەلقاعیدە و سوپای قودس جۆرێک بەهێز بووە کە سەدان ئەندامی ئەلقاعیدە و هەروەها هێندێک لە ئەندامانی خێزانی رێبەرانی سەرەکی ئەلقاعیدە پەنایان بردە ئێران.

لە هەر حاڵدا گوشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر سوپای پاسداران و بە تیرۆریست ناسرانی «سوپای قودس» کە لە راستیدا لقی دەرەوەی وڵاتی ئەم هێزەیە، دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە ململانێی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەگەڵ رێژیمی ئێران کە بێگومان رووداوی دیکەی بە دوادا دێ و ئەم رێژیمە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لەگەڵ کێشە و گرفتی جیددی بەرەوروو دەکا.



# کاندیدا کوردەکانی حیزبی سوسیالیستیی چەپی نۆروێژ لە دیمانەیەک دا

**دیمانە: رێبوار مەعروف زادە**

**هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و پارێزگاکانی نۆروێژ لە ١٢ی سێپتامبەری ئەمساڵ دا بەڕێوە دەچێ. دیارە چەند کوردێکیش خۆیان بۆ ئەو هەڵبژاردنانە بەربژێر کردوە. رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ دوو کەس لەم بەڕێزانە (کەریم ئەڵڵاوەیسی و شەهریار بلووری) کە لە سەر لیستی حیزبی سۆسیالیستی چەپی نۆروێژ (SV) خۆیان بەربژێر کردوە، دیمانەیەکی پێکهێناوە. جێگەی ئاماژەیە حیزبی سوسیالیستی چەپ تەنیا حیزبی «نۆروێژییە» کە ژینۆسایدی گەلی کوردی بە فەرمی ناسیوە و پشتگیری لە بەربژێر کردنی محەممەد سدیقی کەبوودوەند سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل کردوە.**

**کوردستان: لە نێو حیزبی (SV) چ قۆناخێکتان بڕیوە هەتاکوو وەک کاندیدی ئەو حیزبە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان دەستنیشان کراون؟**

**شەهریار بلوری:** بەر لەوەیکە وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە روخسەت دەخۆازم سپاسی بەسەر کردنەوەتان بکەم. من دە ساڵ بەر لە ئێستا بووم بە ئەندامی حیزبی سۆسیالیست چەپ و لە ماوەیەدا کۆمەڵێک بەرپرسیارەتیم هەبووە. قۆناخەکانی پێگەیشتن بە پلەی بەشداری لە لیستی هەڵبژاردن بۆ من دەگەڕێتەوە بۆ چۆار ساڵ بەر لە ئێستا کە من وەک کاندیدی یەکەمی ئەو حیزبە لەو هەڵبژاردن‌دا بەشداریم کرد و وەک ئەندامی شوورای شار هەڵبژێردرام و چالاکی من لە ماوەی ئەو چۆار ساڵەدا وای کرد کە جارێکی دیکەش وەک کاندیدی یەکەمی لیستی حیزبەکەم لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەم.

**کوردستان: هۆکاری کاندیدبوونتان لە حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ( SV)چ وەک کۆردێک وچ وەک هاووڵاتێکی نورویژی بۆ چ دەگرێتەوە ؟**

**کەریم ئەڵڵاوەیسی:** بۆ ئاشنایی زیاتر بە سیستمی کاری نورویژ ،شاروانی وپاریزگاکان کە بەلکوو لەم رێگەیەش بە قازانجی کورد خزمەتێک کرابێ ، وڵامی کومیتەی هەلبژاردنم لە پێشدا بۆ شارەوانی و پاشان بۆ گەورەترین پارێزگای نورویژی «ئاکرشوس» بە ئەرێنی دایەوە، دیارە من ماوەی ٣ ساڵە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری ( SV) لەو پارێزگایەم و کەم تاکورتێک بە شێوەی کارو سیستمی حیزبەکانی سیاسی ئاشنایەتیم پەیدا کردوە ، لەگەل ئەوی کە چ بۆ شارەوانی و پارێزگاکان ژمارەیەکی کەم لە لیستەیەکی دووورودرێژی هەر حیزبێک دا دەنگ دێننەوە، بەڵام ئەندام بوون لە بەڕێوەبردنی کۆمون یان پارێزگاکان بایەخی زۆری هەیە و لە کردەوە دا مروڤ زۆر باشتر بار دێ و دەتوانێ زۆر خزمەتی بەرچاو بە هاووڵاتییانی نۆروێژی و کوردەکانیش بکا. لەگەڵ ئەوەش ئەو قوناغە بۆ دوارۆژ و سەرکەوتنی زیاتریش، یارمەتیدەر دەبێ، وەک ئەزموونێکیش گرینگی خۆی هەیە . باوەڕیشم وایە کورد لەهەموو جێگەیەک هەبێ باشە و زۆرجار زۆر خۆشحاڵ بووم کە کورد لە سوئێد یان وڵاتی دیکەی ئورووپایی خۆیان بۆ شارەوانی و پارێزگا وپارلەمان دەپاڵاوت. گرینگە ئێمە چ وەک کورد و چ وەک هاووڵاتیی نۆروێژی ئامادەیی خۆمان بۆ کاری جیددی وبەرپرسایەتی دەرببڕین.

**کوردستان: ئایا هەتاکوو ئێستا سیاسەتی حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ کۆچبەران درووست وکارامە بووە؟ سیاسەتی حیزبی ئێوە لەو پێوەندی‌یەدا چی‌یە؟**

**شەهریار بلوری:** مەسەلەی کۆچبەری لە ئورووپا بابەتێکی گرینگە کە رۆژانە باسی لێ دەکرێ لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی دا ئەو هێزانەی دژی مافی کۆچبەران گەشەیەکی زۆریان کردوە، هەر بۆیە ئەو حیزبانەی کە لە دەسەڵات‌دان ناچار کراون سیاسەتێکی وا بگرنە بەر کە یارمەتیدەر بێ بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا و پێشگیری کردن لە هاتنە سەرکاری حیزبە کۆنزەرواتیڤەکان. سیاسەتی دەولەت سەبارەت بە کۆچبەران لە ماوەی ئەو چۆار ساڵەی دوایی‌دا جێگەی رەخنەیە. بناخەی سەرەکی پێکهێنەری ئەو حیزبەی من دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی عەدالەتخۆازانەیە بۆ هەموو تاکی کۆمەڵگە بە کۆچبەریشەوە. بۆ هەمووان ئاشکرایە کە حیزبی سۆسیالیستی چەپ گونجاوترین سیاسەتی بۆ پارێزگاری لە مافی کۆچبەران هەبووە و هەیە هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ئێمە لە هەلبژاردن‌دا بەشداری دەکەین.

**کوردستان: ئایا زانیاریتان لەهەمبەر رادەی حەشیمەتی کورد لە وڵاتی نۆروێژ و هەل ومەرجی ژیانیان هەیە؟ بەرنامەی حیزبی ئێوە بۆ ئەو پەنابەرە کوردانە چی‌یە؟**

**کەریم ئەڵڵاوەیسی** :بە پێی هێندیک ئامار کە پێدەچێ راست بێ، رادەی حەشیمەتی کورد لە وڵاتی نۆروێژ دەگاتە نیزیک ١٥٠٠٠-١٤٠٠٠ کەس. هاتنی پەنابەران بۆ نوروێژ زۆرتر لە ساڵەکانی ١٩٩٠ ەوە دەستی پێ کردوە هەتا هاتوە زیادی کردوە.

لە نێو پەرنابەران جیاوازی زۆرە، لە نێویاندا پەنابەر یان کۆچبەری وەرگێراو و وەرنەگیراو هەیە. کۆچبەری وەرگیراو لە زۆربەی مافەکان وەک شارومەندێکی نۆروێژی بەهرەمەندە . لە نێو وەرگیراوەکانیش دا ژمارەیەکی زۆر، باش خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی نۆروێژی گونجاندوە و ئاوێتە بوون(ئینتیگرێرینگ).

دیارە هەنووکە زۆر لە کچ و کوڕە کوردەکان لە زانستگەکان دەخوێنن کە ئەوانە جێگەی ئومێدن بۆ دوارۆژی کوردستان و نۆروێژ. ژمارەیەکیش کە زۆرنین لە بازاری کاردا جێگەی خۆیان کردۆتەوە و ژۆمارەیەکیش کە کاریان بۆ پەیدا نەبووە لە سۆسیال کەڵک وەردەگرن.

وەرنەگیراوەکان بە داخەوە ژمارەیەکیان مەترسی بە زۆرناردنەوەیان لەسەرە.

حیزبی سوسیالیستی نۆروێژ ، باوەڕی تەواوی بە مەسەلەی پەنابەران هەیە و زۆر بە جیددی دیفاعی لەو مەسەلەیە کردوە . لەگەڵ ئەوەی ئەم حیزبە لە سەر مەسەلەی پەنابەران جاروبار تووشی خەسار بووە بەڵام بە باوەڕەی قووڵی بەو مەسەلە لە هیچ هەولێک کۆتایی نەکردوە . جێگری رێبەری حیزب بە نێوی «ئاود لیس باکن» کە لە کابینەی وەزیران دایە لەگەڵ بوونی زۆر کەند و کۆسپ لە هەوڵەکانی بۆ ئاوێتەکردن وگونجاندن بەردوام بووە و لەوبارەوە سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە. بە کورتی پەنابەران ژمارەیەکی زۆریان بەتاییەت کوردەکانی کۆچبەر، رێزی زۆریان بۆ ( SV) هەیە. ئەم حیزبە هەوڵی داوە کە بێکاری لە



شەهریار بلووری



کەریم ئەڵلاوەیسی

کەریم ئەڵڵاوەیسی: ( SV)**هەوڵی داوە کە بێکاری لە نێو کۆچبەران کە لە ئاستیکی زۆر دایە، کەم بکرێتە بە تاییەت بۆ ژنانی پەنابەر. زۆرێش هەوڵ دەدا کە منالانی پەنابەران لە باغچەی منالان بە پارەیەکی کەم جێگەیەن بکرێتەوە کە هەم بۆ دوارۆژی مندالان زۆر بەسوودە و هەم ژنان باشتر بتوانن کارو ئەرکێک کە کۆمەڵگە پێیان دەسپێرێ وەئەستۆ بگرن**

نێو کۆچبەران کە لە ئاستیکی زۆر دایە، کەم بکرێتە بە تاییەت بۆ ژنانی پەنابەر. زۆرێش هەوڵ دەدا کە منالانی پەنابەران لە باغچەی منالان بە پارەیەکی کەم جێگەیەن بکرێتەوە کە هەم بۆ دوارۆژی مندالان زۆر بەسوودە و هەم ژنان باشتر بتوانن کارو ئەرکێک کە کۆمەڵگە پێیان دەسپێرێ وەئەستۆ بگرن.

حیزبی سۆسیالیستی چەپ جگە لە هەوڵدانی گشتی بۆ پەنابەران ، بەتاییەت خزمەتی زۆری کوردانی باشووری کوردستانی کردوە کە ژۆمارەیەکی زۆر لە وان ئیقامەی کاتیان درابوویە و بە ناوی «موف» ناسرابوون، ئێستا بەشێکی بەرچاویان وەرگیراون و خۆیان بە قەرزباری ئەم حیزبە دەزانن.

**کوردستان: ئایا دژایەتی لەگەڵ کۆچبەران و بەتاییەت دژایەتی لەگەڵ ئیسلام کە لە ئورووپا گەشەی کردوە، وڵاتی نۆروێژیشی گرتۆتەوە؟ پێتان وایە چ وەک خۆدی کۆچبەران، چ وەک حکۆمەتی نوروێژ لەو پێوندییەدا پێویستە چ رێوشوێنێک بگیرێتە بەر؟**

**شەهریاری بلوری** : دژایەتی لەگەڵ کۆچبەران و ئیسلام چەند هۆیەکی هەیە کە ئێستا جێگەی باسی ئێمە نییە، بەڵام ئەم دژایەتییە نۆروێژیشی گرتبۆوە تەنانەت روودانی کارەساتی ٢٢ جولای ( یان بەقەولێک ١١ سپتامبری نۆروێژ) کە نۆروێژییەکی توندڕەو بە نێوی «ئاندرێس برێویک» کارەساتێکی خوڵقاند کە ٨٧ کەس بە هۆی ئەم جینایەتە گەورەیە گیانیان لە دەست دا. رۆژی روودانی کارەسات، کە روون نەببۆوە کە چ کەسێک یان چ لایەنێک بۆتە هۆی ئەم کارە؟ ژمارەیەک نۆروێژی بە چاوی سووک روانیانە پەنابەران بە تاییەت موسڵمانەکان و تەنانەت چەند کەس لە ئوسلۆ بێ‌رێزیشیان پێ‌کرابوو.

کاتێک دەرکەوت کە ئەنجامدەری کارەساتی ٢٢ جۆلای ئەمساڵ نۆروێژییەکی توندڕەوی راستە نەک کۆچبەرو بیانی وموسڵمان، ئەم جار نۆروێژییەکان بیرکرنەوەیان گۆڕا و سەرانی حکوومەت بە تاییەت سەرۆک وەزیران و ژمارەیەکی زۆر لە حیزبەکانی ئەم وڵاتە بە هەنگاوی شیاوو هەڵوێستی دروست و ژیرانە کاریگەریی باشیان لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی نۆروێژ هەبوو و مەسەلەکەیان بە بارێکی ئەرێنی دا برد . مەبەست ئەوەیە کە پاش ئەو رووداوە ، نۆروێژیەکان روانگەو بۆچوونیان سەبارەت بە کۆچبەران و موسڵمانان گۆڕا، ئیتر حیزبی راستی بەرەوپێشچوونی (ئێف، ئەر.پێ) ناتوانێ وەک پێشوو لە مەسەلەی پەنابەران و موسوڵمانان بە قازانجی حیزبی خۆیان کەڵکی خراپ وەرگرێ.

وەک کۆچبەر: پێویستە کوچبەر رێز لە قانوون وریێساکانی ئەم وڵاتە بگرێ و خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی نۆروێژی بگونجینێ و وەک خەڵکی نۆروێژی خزمەتی ئەم وڵاتە بکا.

وەک حکومەتی نۆروێژ: ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد مەبەستم ئەویە کە حکوومەت دەتوانێ لەو بارانەوە دەوری سەرەکی بگێرێ. ئەگەر پەنابەر ئەرکێتی هەوڵ بۆ خۆگونجان و ئاوێتە بوون بدا حکۆمەتی نۆروێژێش وەک ئەرک پێویستە ئاسانکاری بۆ پەنابەران بکا:* پێوستە هەلی باش بۆ فێربوونی زمانی نۆروێژیان بۆ برەخسێندرێ * هەلی کار پەیدا کردنیان بۆ بدرێ. بەداخەوە بێکاری لە نێو پەنابەران زۆر زیاترە هەتا نۆروێژییەکان. * گرینگە حکوومەت و حیزبە سیاسییەکان کاربکەن کە نۆروێژییەکان هان بدرێن کە هەوڵ بۆ پێوندییەکی سالم لەگەڵ پەنابەران بدرێ لە پێناو ژیانێکی ئاسودە و ئارام بۆ هەموو لایەک. دیارە دەسەڵاتی چوارەم واتە میدیا دەتوانێ لەو بارەوە، بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی سالم و ئاسودە دەورێکی گرینک و کاریگەر بگێرێ.

**کوردستان:: میکانیزمی حیزبی (SV) بۆ وێکنەکەوتنی، کلتووری کۆچبەران و نۆروێژی‌یەکان چی‌یە؟ بە واتایەکی دیکە حیزبی ئێوە چۆن پارێزگاری لە کۆمەڵگەی فرەکلتووری دەکا؟**

**کەریم ئەڵڵاوەیسی:** بە بروای من ئەو پرسیارە یەکجار زۆر گرینگە و بابەتێکی وروژێنەری باسەکانی رۆژە لە سەر کۆچبەران. یەکەم ئەوەکە ئەو کۆچبەرانەی کە لە وڵاتی نۆروێژ دەژین هەر هەمویان لە وڵاتێک یان کلتووریکەوە نەهاتوون و کۆچبەران نۆێنەرایەتی چەندین کلتووری جیاواز دەکەن و دیتنەوەی میکانیزمێک کە بتوانێ داخۆازی هەموو ئەو کلتوورانە بە جێ بێنێ گەلێک زەحمەتە. فێربوونی زمانی ئەو وڵاتە بۆ بەشداری کردن لە قۆناخەکانی ژیاندا لێرە گونجاوترین مکانیزمە بۆ کردنەوەی رێگەی دیالۆگ لە نێوان کلتوورە جیاوازەکاندا. هەروەها مەجال درووست کردن بۆ بەشداریی کۆچبەران لە پرۆسەی دێموکراسیی وڵات‌دا، کە ئێمە وەک کۆچبەر تێیدا بەشداری بکەین رێگایەکی‌دیکە کەم کردنەوەی تێکهەڵچوون لە نێوان کلتوورەکاندا.

# «چاوخشاندنێک بەسەر بۆچوونەکانی سیمۆن دوبۆڤواردا»

وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەلیمە ڕەسووڵی

**بەشی یەکەم**

لە سەدەی ٢١دا هاوکات لەگەڵ هاتنە ئارای فمنیسمی فەڕەنسە لە کۆبوونەوەیەکی زانستیدا، سیمۆن دوبۆڤواریش بە دەربڕینی بۆچوونێک لە سەر بنەمای ئەگزیستانسیالیسم باسی ئەو زوڵم و زۆرییەی کرد کە دەرحەق بە ژنان ئەنجام دەدرێ. لە سەر سیمۆن دوبۆڤوار ڕوانگە و بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، ئەو لە لایەن ڕێبوارانیەوە وەک کەسێک ناسراوە کە تیۆریەکانی لە گەشەی نەوەی گەنج و پرۆژە لێکۆڵینەوەکان دا لە ئاستێکی بەرزدایە، کەسانێکیش هەن کە خوازیاری دوور خستنەوەی تەواوی دوبۆڤوار و فیمینیست بوونی ئەون. ڕەخنەگرانی بە لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆچوونەکانی ئەو، دەڵێن کە دوو تیۆری بەناوبانگی دووبوار واتە «نابەرابەری ڕەگەزی» و «ئەوی دیکە« هەر دووکیان دوورن لە پێگەی زانستی و ڕێگاچارەیەک بۆ کەم کردنەوەی قەیرانەکانی ژنان ناخەنە بەردەست، خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەگەرچی ڕۆژێک لە ڕۆژان فمنیسم لە ڕووی زانستی و نەزەریەوە پێی وابوو کە لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی دووبوار دایە، بەڵام ئەمرۆکە ئەو ڕستە بەناوبانگەی ئەو کە «ئێمە بە ژنی لە دایک نەبووین» ڕەت دەکاتەوە و لە بەرامبەردا دەڵێ: «من ژنم. بۆ ئێوەش نابن؟» وە لە ئاکام دا فمنیسمی نوێ نەک بوونی پیاو لە چوارچێوەی سالارێک یان بەرزترێک لر بەرامبەر ژن دا نابینێ، بەڵکوو ڕەگەزی پیاو وەک ڕەگەزێکی بێسوود دەناسێنێ هێنایە بەرباسی تیۆری فمنیسم: ڕابردوویەکی دوور و درێژی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان پەرەی سەند و لێکۆلەرانی زانستی مرۆیی لێکۆلینەوەگەلێکی زۆریان بە پشت بەستن بە تیۆریگەلی جیاواز لە پێناو ناسینی ڕۆڵ و پێگەی ژنان ئەنجام داوە. سیمۆن دوبۆڤوار یەکێک لە بە ناوبانگترین کەسانێک بوو کە لە دەیەی ٧٠دا لە ڕێگای کتێبە زانستییەکان، ڕۆمان، گووتار و هەروەها قسەکردن لە سمینارەکان و میدیاکانەوە بۆچوونگەلێکی لە سەر ڕۆڵ و جێگەی ژنان و پرۆسەی مێژوویی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان دا هێنایە ئاراوە. ئەو لە ڕێگای پێناسەکردنەوەی سنووری پێوەندیی نێوان ژن و پیاو، ڕوانینی کۆمەڵگای سەبارەت بە ژنان گۆڕی تا ئەو جێگایەی کە سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوایی گرینگییەکی زیاتریان بە پرۆگرامەکانی تایبەت بە ژنان دا. دوبۆڤوار بە هۆی لایەنگری لە مەکتەبی «ئەگزیستانسیالیسم» (مەکتەبی ڕەسەنایەتی بوون) خوازیاری ئازادی، دەسەڵاتی نەگۆڕ و بێمەرجی مرۆڤە. هەر بەو پێیە ئەو لە کتێبی ڕەگەزی دووهەم دا بە بناغەدانانی سرووشتی مرۆڤ، باسی لە بنەماکانی ڕەگەز کردوە کە ئەو باسە دەتوانێ خاڵێکی وەرسووڕان بێ بۆ ناسینی هزری و بیرۆکەی سیمۆن دوبۆڤوار.

ئێستا کە زیاتر لە نیو سەدە لە سەردەمی سیمۆن دووبوار تێپەڕیوە و لە بارودۆخێک دا کە فمنیسم گەشە و پێشکەوتنی بارودۆخی ژنانی کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی، هێندێک لە فمنیستەکان خۆیان لە بازنەی تیۆریەکانی ئەودا دەبیننەوە و هێندێکیش بە پێچەوانە و بە خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکاریانەدا ڕاوەستاون. هێندێکی دیکەش بەشێک لە بۆچوونەکانی ئەویان قەبووڵ کردوە و لە بەشێکی دیکەش دا لە ڕەخنەگرانی ئەون.

**ژیاننامەی سیمۆن دوبۆڤوار**

سیمۆن دوبۆڤوار لە ڕێکەوتی ٩ ژانوییەی ١٩٠٨ لە وڵاتی فەڕەنسە و لە شاری پاریس لە بنەماڵەیەکی کاتۆلیک هاتە سەر دنیا. لە تەمەنی ١٧ ساڵی دا لە قووتابخانەی کاتۆلیک دیپلۆمی وەرگرت. ئەو هاوکات لە بەشی ئەدەبیات و بیرکاری دا درێژەی بە خوێندن دا و لە ساڵی ١٩٢٦ چووە پاڵ بزووتنەوەی سوسیالیستەکانەوە و لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی «سوربن»دا درێژەی بو خوێندن دا. ساڵی ١٩٢٩ بەشی فەلسەفەی تەواو کرد و هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ «ژان پۆل سارتر»دا ئاشنا بوو و بە شێوەی ئازاد ژیانی هاوبەشیان دەست پێکرد و بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ تێپەڕاند. دووبوار دواتر لە شارەکانی پاریس، ڕوین، مارسیل دەرسی فەلسەفەی دەگوتەوە و تا ساڵی ١٩٤٣ هەروا خەریکی دەرس گووتنەوە بوو. مودیری (بەرپرس) ڕۆژنامەی «تمپس مودرنز» کاریی دووهەمی ئەو بوو کە چالاکیە زانستییەکانی ئەوی گەرەنتی دەکرد. یەکەمین کتێبی ئەو لە ژێر ناوی «بانگهێشت» ساڵی ١٩٤٣ چاپ بوو. بەڵام ماوەی چوار ساڵی خایاند تا ئەو ببێتە کەسێکی بەناوبانگ و ناسراو. ئەو لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسە جۆراوجۆرەکان دا و بۆ قسەکردن سەفەری بۆ وڵاتانێکی جۆراوجۆری وەک ئەفریقا و دەتوانین بلێن تەواوی وڵاتانی ئەورووپایی، چین، کوبا، ئەمریکا و برزیل کرد. ئەو دواتر کتێبی ڕەگەزی دووهەمی لە پێناو پشتیوانی کردن لە مافی ژنان نووسی کە ناوبانگی لە تەواوی جیهان دا دەرکرد. ساڵی ١٩٥٤ ئەو کتێبە خەڵاتی جیهانی بردەوە. دواتر کتێب و وتارگەلی جۆراوجۆری نووسی. دوبۆڤوار لە ١٤ ئاوریلی ١٩٨٦دا کۆچی دوایی کرد.

**کەسایەتی سیمۆن دوبۆڤوار**

لێکدانەوەی کەسایەتی سیمۆن دوبۆڤوار کارێکی ساکار نییە. هەمووان تووشی سەر لێ شێواوی دەکات. تیۆری ئەو لە بەرامبەر لقەکانی دیکەی فمنیسم دا لە چ ئاستێک دایە؟ زانستی ئەو لە سەر کامە تیۆرییە؟ باشە ئەو فمنیستە یان فمنیستەکان بە هۆی هەژاری تیۆری، بە چاپ کردنی کتێبەکانی مۆرکی فمنیست بوونیان لێ داوە؟

بۆ ناسینی کەسایەتی زانستی و دەروونی سیمۆن دوبۆڤوار سەرنج دان بەو خاڵە پێویستە کە بۆچوونەکان، لێکدانەوەکان و لایەنەکانی تاکەکەسی دا. سیمۆن دوبۆڤوار لە ناخی کارەکانی دا ئەو هۆکارانەی کە باس کران بە پێی بۆچوونی خۆی دێنێتە بەرباس. بەتایبەتی لە کتێبی ‹ڕەگەزی دووهەم»دا لە چوارچێوەی بەرهەست و دەرهەست دا، ڕاستیە کۆمەڵایەتییەکان بە پشت بەستن بە سرووشت لە فۆڕمی دوو کردەوەی بوونخوازی دا باس لە بنەماکانی ڕەگەز دەکات.

دوبۆڤوار سەرەتا لە ڕووی سروشتخواری و دیسان بەرهەم هێنانەوە، باسی ڕەگەز دێنێتە ئاراوە، بەڵام لە قۆناغی دووهەم



سیمۆن دوبۆڤوار

ئەو هەڵسووکەوتانەی کە ئەنجام دەدرێن، هەر هەموویان لە ژێر کاریگەری کلتووری ناوچەیی دان. هەر بۆیە ناکرێ بڵێن کە مرۆڤەکان دەگەڕێنەوە سەر ڕیشەی سرووشتی خۆیان، بەو هۆیە کە هۆکارە کلتووریەکان بە سەر مرۆڤ دا زاڵن لە ڕاستی دا بەردەوام هەموو شتێک هاوکات لەگەڵ کلتوور لە حاڵی گۆڕان دایە و کلتوور بە بەردەوامی خەریکی پێک هێنان و پێداچوونەوە و لابردنی هێندێک لە هۆکارەکانە. وە سەرەنجام بەو ئاکامە دەگەین کە هیچ شتێکی نەگۆڕ بوونی نییە و بنەمای گشتی وەک زەواج بە هێندێک جیاوازی لە پێکهاتە و ناوەڕۆک دا لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونییەکان گرێ دراون و کۆمەڵە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دێنن و یاساکانی کۆمەڵگاکان بۆ بە نەزم کردنی کارەکان دادەڕێژرێن. لە هەموو کۆمەڵگایەک لەڕووی ژینگەناسییەوە دوو ڕەگەزبوونی هەیە کە بە تێکەڵ بوونیان زاوزێ پێک دێت و مانەوە گەرەنتی دەکەن، بەڵام مرۆڤەکان زێدەخوازن و پێویستیان بە پێوەندیی کۆمەڵایەتی هەیە لە پێناو گەشە و پەرەپێدانی

دا لە فۆرمی ڕەگەزدا، ڕاستییە مێژووییەکان، کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیەکان، تیشک دەخەنە سەر بۆچوونەکانی ئەو. ئەو ڕستە بەناوبانگەی دەردەبڕێ کە ئێمە بە «ژنی لە دایک نابین، بەڵکوو دەبین بە ژن».

باشە سیمۆن دوبۆڤوار فمنیست بوو؟ زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بەو هۆیە کە فمنیسم تیۆریەکی سەرچاوەیی نەبووە و لایەنەکانی سەرکووتی ژن و هەڵاواردن دژی ژنان بە شێوەی نووسراوە کەمتر دەکەوێتە بەر سەرنج و لە کتێبەکان و ڕۆمانەکان و بەتایبەت کتێبی ڕەگەزی دووهەم دا ئەو باسانە بە شێوەی جۆراوجۆر نووسرا بوون، فمنیستەکان بایەخیان پێ دا و هێندێکیش لە سەر ئەو بڕوایەن کە دوبۆڤوار هەر ئاگای لەو باسانە نەبووە و لە ئاخریش دا کەسانێک لە سەر ئەو بڕوایەن کە دوبۆڤوار لە فمنیستە توندڕەوەکان بووە و لە زۆربەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا کە باسەکەی لە سەر ژنان بووە چالاکانە بەشداری کردووە. دەتوانین لە کتێبی «ڕەگەز و بوون»دا زانیاری لەسەر بۆچوونەکان و بیروبڕوای دوبۆڤواردا وەدەست بخەین. دوبۆڤوار لەو کتێبەدا کەڵکی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە کە لێکۆڵەرانی سەردەمی خۆی وەک، «ژان پل سارتر»، «کانت»، «هیگل»، «زاسفرس»، «کیرکژارد»، «هوسرل» کەڵکیان وەرگرتووە. لە ڕاستی دا سیمۆن دوبۆڤوار کەڵکی لە فەلسەفەیەکی ڕەسەن وەرگرتووە و بە پێی بۆچوونی «گول هلین» دووبوار زیاتر حەزی لە فەلسەفەی دیالۆگ بوو، ئەوە لە حالێک دابوو کە زۆربەی خەڵک لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە «سارتر» ئایدئۆلۆژیای خۆی بەسەر «دوبۆڤوار»دا سەپاندووە. بەڵام بە پێی بەڵگەکان دەردەکەوێ کە ئەوان پێ بە پێی یەکتری لەسەر لایەنە زانستییەکان کار دەکەن و خوێندنەوە فەلسەفییەکانی دووبوار و ژان پل سارتر یەکسان بوون لە ڕاستیدا ئەوان هاوسەرێکی زانستی بوون کە لە زۆربەی کاتەکان دا هاوبیروڕا بوون. ئەو خاتوونە هیچ کات لە بۆچوونەکانی سارتردا قاڵ نەبووە، بەڵکوو خۆشی لەسەر وەها بیروڕایەک بووە.

**ـ «دوبۆڤوار و فمنیسمی ئەگزیستانیسالیستی» ـ**

فمنیسمی ئەگزیستالیستی خوازیاری ئازادی و دەسەڵاتی نەگۆڕە بۆ مرۆڤ وە لە ڕاستی دا هێمایەکی سەرەڕۆیە لە لیبرالیسم و ئۆمانیسم. ئەو مەکتەبانەی کە هزری فمنیسمیان لە خۆیان دا پەروەردە کردوە بۆ نموونە سکۆلاریزم، ئۆمانیزم، ئەگزیستانیالیسم تەنیا لە بازنەی هۆشیاری و ئازادی نەگۆڕدا دەڕۆن و بە لە بەرچاوگرتنی پێویستیەکانی ئەم دوونیا، پێویستی بە لایەنە مەعنەوییەکان و ئووسەلەکانی ئایینی لە ژیان دا لەبەرچاو ناگرن. لە بەناوبانگترین لایەنگرانی مەکتەبی ئەگزیستانسیالیست دەتوانین ئاماژە بە دووبوار بکەین. لە ڕوانگەی ئەوەوە پرسی زەینیەت و دژەهزری وەڵامێکە بە پرسەکانی ڕەگەزایەتی کە بە جۆرێک لە تەواوی نووسراوەکانی دا لە هەوڵی سەلماندنیان دایە. سیمۆن دوبۆڤوار لە کتێبی ڕەگەزی دووهەم دا ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە ژنان لە چەندین قۆناغ دا دیاری دەکات.

(of, simon ١٩٧٩ ,Sex Folio
(de Beavoir la deuxime

١. ئەگەر چەمکێکی ئەگزیستانسیالیستی دیکە سەبارەت بە پیاوان بە کار دەهێنێت و بوونی پیاو بە تێکدانی بازنەی تاکەکەسی و ئازادی ژن دەزانێ. لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەو شتەی کە ژن دەخاتە چوارچێوەی دیلایەتیەوە، دوو هۆکاری سەرەکی زەماوەند و دایکێتیە. ئەو نیزامی بنەماڵە وەک ئەرکی گرینگی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕاهێنانی مرۆڤەکان زۆر بەتوندی ڕەت دەکاتەوە و زەماوەند بە هۆکاری نزم بوون و چارەڕەشی ژیان دەزانێ.

٢. بەشێکی دیکەی کتێبەکە تەرخان کراوە بە جیاوازی نێوان ژن و پیاو و لە ڕووی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەو جیاوازی نێوان ژن و پیاو بە ئاشکرا دەزانێ، بەو حاڵەش ژنان بەرەو هەڵسوکەوتی پیاوانە بانگهێشت دەکات و بڕوای بە دەروونی کردنی ئەو کارەیە.

٣. سیمۆن دوبۆڤوار کاریگەری کلتوور لەسەر جیاوازییەکانی ڕەگەزایەتیی زەق دەکاتەوە و بە وردبوونەوە لەسەر هۆکار و دەرەنجامەکانی لە کۆمەڵگادا، جیاوازیە ڕەگەزییەکان لەژێر کاریگەریی کلتووری کۆمەڵگا دەزانێ، هەڵبەت بەو جیاوازییە کە هیچ تاکێک بە ژنی لە دایک نابێ، بەڵکوو دواتر دەبێ بە ژن.

٤. سیمۆن دوبۆڤوار لە چوارچێوەی پێکهاتە خوازی کۆمەڵایەتی دا، جیاوازییە ڕەگەزیەکان دێنێتە بەر باس و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ژیار، نەتەوەیەکە. بە بڕوای ئەو ژن چەمکێکی تەواو دیاریکراو و سەلمێنراوە و لە هەمان کاتیشدا بە چەمکێکی تاکە کەسی دەژمێردرێ کە لەگەڵ پیاوان جیاوازە. باشترین ڕێگای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو جیاوازیە کەم کردنەوەی ئەو جیاوازییە لە زەین دایە. هەر بەو پێیە ژنان هان دەدات کە بە شێوەی پیاوان ژیان بکەن و بە ناسینی خۆیان، خۆیان بەرەو ژیانێکی ئامانجدار بەرن.

٥. دوبۆڤوار، پرسی زینەت بەمجۆرە دێنێتە بەر باس کە «زەین بازنەیەکە بەدەر لە ڕەگەز و شێوازی ڕەگەزی» ئەو بڕوای وایە کە ژن چەمکێکی تەواو دیاریکراو و سەلمێنراوە و لە هەمان کاتتیشدا بە چەمکێکی تاکەکەسی دەژمێرێ کە لەگەڵ پیاوان جیاوازە. باشترین ڕێگای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو جیاوازییە نزم کردنەوەی ئەو جیاوازییەیە لە زەیین دا. هەر بۆیە ژنان هان دەدا کە وەک پیاوان ژیان بکەن و بە ناسینی خۆیان وەک تاک ژیانیان بەرەو ئاقارێکی ئامانجدار بەرن.

٦. دوبۆڤوار هەستی بوون و چالاکی لە ژیانی هزری و کۆمەڵایەتی دا بە ژنان دەدات. بە واتایەکی دیکە ئەو ڕێگا چارەیەکی تێئۆری زۆر دەگمەن لەسەر پێگەی ژنان دەخاتە بەر دەست و ئەو ڕێگا چارانەی کە تا بە ئێستا پێشنیار کراون زۆر بە دواکەوتووانە دەزانێ و ئەو پێشنیار گەلی وەک پشتیوانی لە چوونە سەری ڕێژەی ژنان لە پارلەمان و یان لە پۆستە گرینگەکان وە یان خوود لەبەرچاو گرتنی مافی میرات و مافی دەنگدان بۆ ژنان زۆر بە لاواز دەزانێ و لە بەرامبەر دا گۆڕینی ڕەگەزی زەینی، بە باشترین ڕێگای سەرکەوتنی ژنان دەزانێ.

# بەهمەن قوبادی، هونەرمەندێکی جیاواز

**وریا ڕەحمانی**

ڕەنگە لە مێژووی فەرهەنگ و هونەری کوردەواری دا کەم نەبن ئەم ڕووخسار و کەسایەتیانەی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی و هونەری دا هەرکامە و لە چوارچێوەیەکی تایبەت دا، بەش بە حاڵی خۆیان کاریگەری و شوێنێکی تایبەتیان بە یادگار هێشتبێتەوە و نەمریشیان بۆخۆیان و کارەکانیان دەستەبەر کردبێ. کەچی زۆربەی هەرە زۆریان هەوڵ و چالاکییەکانیان تەنیا لە چوارچێوەی چەند ژانرێکی تایبەت دا ماوەتەوە و ئیمکانی دەرکەوتن و پەل کێشانیان لە بوارە لە قەدەر نوێترەکان دا کەمتر بووە.

لە بەستێنی ژانرگەلێکی فەرهەنگی و هونەریی وەک: گۆرانی و مۆزیک، شێعر و ئەدەبیات، خۆشنووسی، نیگارکێشی و... دا، بواری کورد بە هیچ شێوەیەک دواکەوتوو نیە و لە قەدەر توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش وڵامی کەڵکەڵە دەروونییەکانی مرۆڤی خۆی بداتەوە و لە ئاستەکانی نێوخۆیی و جیهانی دا شوێنێکی شایستە و لەبار دەستەبەر بکات. بەڵام کاتێک ڕێی تەماشا ئاراستەیەکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێ و باس لە ژانرگەلێکی وەک شانۆ، سینەما، مێعماری و... دێتە گۆڕێ، لە ڕاستیدا قسەیەکی زۆرمان بۆ گوتن پێ نیە و بۆشاییەکی زۆر لە نێوان خۆمان و ئەزموونە بەنرخە جیهانییەکاندا هەست پێ دەکەین. هەر ئەوەندەش کە دەوێرین باس لە هەبوونی ئەم ژانرانە لە بەستێنی فەرهەنگ و هونەری کوردەواری دا بکەین لە هیممەت و هەوڵی نەریت شکێنانەی هەندێک کەسایەتیی تایبەت و جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێ کە ویستیان بەرفراوانی بە فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەیان ببەخشن و لە هێندێک دەلاقەی جیاوازەوە سەیری جیهان و کۆمەڵگاکەیان بکەن.

«بەهمەن قوبادی» یەکێک لەو کەسانەیە کە بە باشترین شێوەی گونجاو دەرفەتەکانیان قۆزتۆتەوە و هەست و مشووری فەرهەنگی و هونەرپەروەرانەی خۆیان لە پێناوی ڕەوتی بەرەوپێشی فەرهەنگی نەتەوەیی و جیهانیی سەردەم دا وەگەڕخستوە. ئەو هونەرمەندە بەتوانایەی کورد بە خاوەنداریەتیی ڕوانگەیەکی پۆست مۆدێرنیستی سەردەمیانە دەستی دایە یەکێک لە تەکنیکاڵ و ئەستەمترین جۆرەکانی هونەریەوە وەک فیلم و سینەما. بەگشتی هونەری نواندن ئەگەرچی لەنێو کورد دا لە حدوودی نیو سەدە لە پێشترەوە زۆر غەریب و نامۆش نەبوو کەچی جیا لە چەند نموونەیەکی تایبەتی وەک یەڵماز گۆنای و قوتبەددینی سادقی هەرگیز بە شێوەیەکی جیددی و سەرنجڕاکێش مەودای وێنایەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیتبوو.

قوبادی پاش ماوەیەک کارکردن لەگەڵ گەورە دەرهێنەرانی ئێرانی و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونە هونەرییەکانی ئەوان و پەیبردن بە دەور و کاریگەریی فیلم و سینەما لە دنیای سەددەم دا، وە هەروەها بە دەرکێکی قووڵ و تێگەیشتنێکی گونجاو و لە فەزا و ئەتنیکی کۆمەڵگاکەی خۆیەوە، دەستی کرد بە خوڵقاندن و بەرهەمهێنانی هونەرێکی مۆدێڕن و هاوبەشی جیهانی وەک سینەما.

ڕەنگە باسکردن لە هونەری فیلم و سینەمای قوبادی هەڵگری ئەوەبێ کە لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە سەیر بکرێ و بنرخێندرێ، بەڵام لە لایەنە هەرە پڕبایەخەکانی فیلمەکانی ئەو سینەماکارە کوردە، ئەوەیە کە بە پشت بەستنی بە کۆمەڵێک فاکتۆری نەتەوەیی کە لە دەروونی کۆمەڵگای کوردەواریەوە سەرچاوە دەگرێ و لە ڕێی دووربینەکەیەوە کێشە

و کەڵکەڵەکانی مرۆڤی کورد وەها لە ئاستێکی بەرینی جیهانی دا بەرجەستە دەکاتەوە کە تەنانەت بۆ هەر کەسێکی غەیری کوردیش مەلمووس و هەست پێکراو بێ و کەڵکی پێویستی لێ وەرگرێ.

بابەتی سەرەکیی کارەکانی قوبادی لە فیلمەکانی دا بە تەسویرکێشانی ئازار و ژیانی مرۆڤی کوردە و بەر لە هەموو شتێک لە ڕەهەندێکی مرۆڤناسانەوە سەیری کورد و کۆمەڵگای کوردەواری دەکات. قوبادی هەوڵ دەدات ژیانی کورد جەززابییەت و چێژی دیتن بۆ بینەری کورد و غەیری کورد پەیدا بکا و لەو پێناوەدا لە هەموو فاکتۆرە بایەخدارە مەوجوودەکان کەڵک وەردەگرێ و بە بێ ئەوەی لایەنگریی ئاراستەدارانەی تێدابێ، بواری لێکدانەوە و تێگەیشتن و بە ئاکام گەیشتنی کۆتایی بەوپەڕی ڕێزەوە بۆ بەردەنگ رادەگرێ.

لە لایەنە بەرچاوە پڕ بایەخەکانی سینەمای قوبادی



ئەوەیە کە هەمیشە لە کارەکانی دا دیدێکی تاک بەگشتی هەیە کە ئەوەش خۆی لە توخمە سەرەکیەکانی هونەریی پۆست مۆدێڕنیزم و سەرکەوتووی سەردەمە و پانتاییەکی بێ سنووری چێژ و ئەتویلی هونەریان پێ دەبەخشێ.

«بەهمەن قوبادی›› لە دایکبووی ساڵی١٣٤٨ی هەتاوی لە شاری «بانە»ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو تا تەمەنی١٢ ساڵی هەر لەو شارە دا ژیاوە.

پاشان لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ شاری «سنە» کۆچ دەکاو خوێندنی ناوەندیش لەوێ تەواو دەکات. لەساڵی ١٣٧١ بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆ ڕوو دەکاتە تاران و لە بەشی سینەما لە دانشگای «صداو سیما›› دا ناونووسی دەکا، کەچی بە نیوە چڵی دەیهێڵێتەوە و زانکۆ بەجێ دەهێڵێ. بەڵام فیلم و سینەما وەلا نانێ و بە درووستکردنی فیلمی هەشت میلی میتری فیلمسازی دەست پێ دەکا و هەندێک فیلمی داستانی و دیکۆمێنتی کورتیش بەرهەم دێنی. کورتە فیلمەکانی قوبادی لە ناوەڕاستەکانی دەیەی١٣٧٠ی هەتاوی یەوە ئیتر بە شێوەیەکی بەرچاو وەبەر سەرنجی بینەران وفێستیڤاڵە جۆراوۆرەکانی سینەمایی کەوتن. فیلمی «ژیان لە نێو مژدا» ڕێبازێکی نوێی لە کارنامەی ئەودا کردەوە و تەنانەت ناونیشانی «پڕبایەخترین دیکۆمێنتی مێژووی ئێران››ی بۆ خوێ دەستەبەر کرد. قوبادی بە دروستکردنی فیلمی درێژی ‹› ساتێک بۆ مەستیی ئەسبەکان›› کە یەکەمین فیلمی درێژی کوردیی مێژووی سینەمای ئێرانە بە تەواوی وەک فیلمسازێکی کارا و لێهاتوو لە بەستێنی سینەمادا خۆی دەرخست. فیلمی ‹›کیسەڵەکانیش دەفڕن›› سێیەمین فیلمی ئەودەرهێنەرە کوردەیە کە زیاتر لە هەر بەرهەمێکی دیکەی توانی سنورەکانی کوردستان بەرووی جیهان دا بکاتەوە و وەک گرنگترین و سەرکەوتووترین کاریشی دەژمێردرێ. کورتە فیلمەکانی قوبادی بەگشتی بریتین لە «دەف، آن مرد آمد، جنگ تمام شد، بازباران باترانە، دەنگ، سهمیە دفتر، ماهی خدا،مثل مادر، مهمانی، زندگی در مە، نغمەهای دختران دشت، وظیفە م. حسینی، سربازی بە نام امین، پانتۆڵ، کبوتر نادر پرید، باجەی تلفن، بالکن، ز مثل زندگی، گوڵ باجی، از زاویەی دیگر، سرتراش خانە، هفدە تمام››. ئەو فیلمە درێژانەش کە تا ئێستا بەرهەمی هێناون بریتین لە «ساتێک بۆ مەستیی ئەسبەکان، گۆرانیەکانی نیشتمانی دایکم، کیسەڵەکانیش دەفڕن، نیوەی مانگ، کسی از گربەهای ایرانی خبر ندارد، ٣٠ثانیە دربارەی ما».

فیلمەکانی قوبادی بەشداری زۆربەی فێستیڤاڵە خاوەن پێگە نێوخۆیی و جیهانیەکان بوون و چەندین خەڵات و نازناوی بەنرخ و پڕ بایەخیشیان بە دەست هیناوە و لە ئاستی هەرە بەرز و یەکەمەکانی سینەمای نێونەتەوەیی دا دەنرخێندرێن. فیلمی «ساتێک بۆ مەستیی ئەسبەکان» خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی «کان»ی فەرانسەی بەدەست هێنا، « کسی از گربەهای ایرانی خبر ندارد›› کە سەبارەت بە موزێک و گۆرانیی ژێرزەمینیی ئێران بوو نازناوی تایبەتی ‹›جۆریک لە نیگا››ی دەستەبەر کرد، «کیسەڵەکانیش دەفڕن›› وەک یەکێک لە ١٠ فیلمی کاریگەرو بایەخداری دەیەی یەکەمی سەدەی٢١ دەستنیشان کراوە و...

جێ خۆیەتی کە لێرە دا باس لەو فێستیڤاڵانەش بکەین کە قوبادی تێیاندا وەک داوەرو لێژنەی زانستی بەشدار بووە و ئەوەش خود لێهاتوویی و پێگەی ئەو دەرهێنەرە بە توانایەی کورد لە ئاستەکانی جیهانی دا پتر دەردەخات.

فێستیڤاڵی فیلمی کان لە فەرانسە، ١٣٨١

فێستیڤاڵی فیلمی ڕۆتێردام لە هولەند، ١٣٨٤

فێستیڤاڵی فیلمی جونجۆ لە کۆریای باشوور، ١٣٨٥

فێستیڤاڵی فیلمی ویلادۆکێندێ لە پورتقاڵ، ١٣٨٥

فێستیڤاڵی فیلمی سائۆپائۆلۆ لە برێزیل، ١٣٨٥

سەرۆکی لێژنەی داوەرانی بەشی پێشبڕکێی سێیەمین خولی نێونەتەوەیی فیلمی ئانۆنی ماڵ، ١٣٨٥

فێستیڤاڵی فیلمی ئۆراسیا لە قەزاقستان، ١٣٨٧

فێستیڤاڵی فیلمی سەربەخۆ لە لەهێستان، ١٣٨٧.

# گورانی، هورە و سیاچەمانە قەدیم یادگار قەومی کوردانە

**فەرشاد مورادییان**

گشتی نەتەوە و میلەتەل دنیا، خاوەن هونەر و موسیقی و گورانی - تایبەت وەخویانن - و کوردیچ خاون هونەر و موسیقی و گورانی خوەیە و یەکێک لەو میلەتەلەسە کە لە باوەت هونەر و موسیقی و گورانی دەوڵەمەنە و یەکێک لەو گورانیەلە کە باعیس دەوڵەمەنی کوردە هورەس. کە گورانی ئایینی قەدیم کوردەل بیە و مێژوو و تاریخەگەیێ چووتوە ئەرای سەردەم زەردەشت. کە گاتاکان وەپێچڕینە و باوەر فرە کەسەل لەویچ قەدیمیترە و چووتوە ئەڕای سەردەم دەسپێک ژیان وەکۆمەڵ کورد و ئەوڵ مەحتەواکەی گورانی و کارکردن بیە و لە سەردەم زەردەشت مەحتەوا و ناوەڕوکەکەی گۆڕی وە بۆتە ئاینی و دویایی ئەویچ کە عەرەب پەلامار ئیران دەی و دین زەردەشت وەرەو نەمان چوو ئەویچ ناوەڕۆکەکەی گوڕی و وەرەو خەم و خوەشی و زیاتر عەشق و دڵداری چوو.

وشە یا لوغەت هورە راگەل جیاوازی لەسەریە کە لە کورەوە هاتگە بەڵام دوو نەزەر فرەکەسەل قەبوڵیانە ئەویش هورە لە هڤەروە هاتگە و مانای خوەرەو و لەپێش زەردەشت خوای ئاریایەکان بیە و ڕای دیکە ئەوەسەکە هورە کە (هۆرئامان) وە هاتگە یانی خوەر هاتن یا دەمی خوەر هەڵهاتن و وەخت خوەر هەڵهاتن. یەکێک لەو پەنج وەختەسە کە زەردەشت تیا نوێژ کردگە و دوواو نزا وە دەنگێکی بەرز خوەندگە کەوە پێیان وەتگە (هۆرئامان) و دویایی هاتنی ئسلام و گورانی زوانی بیەسە هورە.



هورە لە قەدیم ئەڕای چڕین گاتاکان زەردەشت وەکار بریاگە. بەڵام ئیستا زوان دەربڕین خەم و ئازار و کلۆڵی و جەنگ و غەریبی و سوارچاکی و کۆچ و کۆچبار و زیاتر لە گشتیان عەشق و دڵداریە. هورەچڕەکان لە وەخت دڵخوەشی یا دڵتەنگی لەو شونە بەرزەکان پیان خوشترە هورە بچڕن. هورە وە چەنی نەزم چڕیەت کە لەوانە گل وەدەر - ساروخانی - مەجنونی - سەحەری - باریە - دودەنگی - غەریوی - بان بنەیی - پاوەموری - قتار - هجرانی.

هورە وەگشتی لە کرماشان و بەشێک لە ئیلام باوە و زیاتر لە ناوچە و لەلای خیلەکیی زیاتر باوە کە هانە کرماشان. کەسانێک هانە سەر ئەو باوەڕە کە هورە لە هەورامان وە سەرهەڵداوە و پشت قایمن وەو دەلیلانە کە زەردەشت لە هەورامان سەرهەڵداوە و لوغەت هورە و هەورامان لە یەک نزیکن. وەلی ئیستا هورە لە ناو قەلخانی گوران و سنجاوی و کەلهور و زیاتر ئەوانەی کە سەر وە ئایین یارسانن باوە و فرە لە خێڵەل چواردەوریان لە ڕۆی خوەشویستن وە هورەچڕن، جور لە کەل و جافەکان و هورەچڕەل ناودار: مەرحوم عەلی نەزەر، عەولعەزیز، سەی قولی کەشاوەرز - برایم حوسێنی. بەڵام هورەچرەیل فرە بینە و ئیانە ئەو کەسەلنە کە ناسیارترن و تەنانەت لەناو ژنەیل هورەچڕ بیە. وەلی لەکولا وەداخەوە چونکە کورد خوەی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت نەویە نەتەنیا هورە فرە لە هونەر و موسیقا و داب و نەریتەڵی وەرەو نەمان چینە و ئیستاش چن و ئیستا هورە تەنیا لە ناو پیاوە وەساڵاچووەکان باوە.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 566 6 sep 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

## نیگەرانی لە چارەنووسی گۆلی ورمێ، بەستێنێک بۆ هاوخەباتیی کورد و تورک

مستەفا مەعروفی

ڕۆژی شەممە ١٢ی خەرمانانی ١٣٩٠ ڕێپێوانی هێمنانەی خەڵکی تەورێزو ورمێ لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت کرا و ژمارەیەک لە خۆپێشاندەران کەوتنە بەر هێرشی هێزە ئینتیزامییەکان و ژمارەیەکی زۆریش گیران و ڕەوانەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کران.

خۆپێشاندانی بەرینی خەڵکی ئەم دوو شارەگەورەیەی ئێران بە ئیعتیراز لە کەمترخەمی و کەمکاریی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر وشکبوونی دەریاچەی ورمێ‌دا وەڕێ خرا. دیارە پێشتریش (هەر لەم حەوتووانەی دواییدا) خەڵکی ئەو دوو شارە، بۆ نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر کەمتەرخەمیی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لە گەڵ وشکبوونی گۆلی ورمێدا، هاتبوونە سەر شەقام و نارەزایەتیدەربڕینەکەیان لە گەڵ سەرکوتی هێزەکانی ڕێژیم بەرەوروو ببوو. ئەم ئیعتیرازانە شکڵی قووڵبۆوە و پەرەگرتووی هەوڵێکە کەچەندین ساڵە بە مەبەستی هەنگاوی پێشگیرانە لە کەم ئاوی و وشکبوونی دەریاچەی ورمێ لەگۆڕێ دایە.

دەریاچەی ورمێ کە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و لە نیشتمانی دوو نەتەوی کوردو ئازەری‌دا هەڵکەوتوە لە ڕووی ئابووری و سروشتی و ژینگەییەوە فاکتۆرێکی سەرەکییە. چەندین ساڵ کارناسانی ژینگە و بواری سروشتی ئەو مەترسیەیان پێشوەخت خستۆتە بەر گوێی بەرپرسان و دام و دەزگا پێوەندیدارەکان کە بەرنامەیەک بۆ پێشگیری لەم مەترسییە دابنێ و بودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێ. بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئەم هەوڵانە بێ وەڵام مانەوە و ئێستا ئەم دەریاچەیە زیاتر لە هەرکات لە وشکبوونی بەتەواوی نزیک بۆتەوە و خەریکە کارەساتێکی سروشتی لەم ناوچەیەدا ڕوودەدا و ژینگە و سەرچاوەی ژیانی چەند میلیۆن کوردو ئازەری هەڕەشەی لەسەرە.

تا ئێستا دوایین هەوڵ کە وەک گەڵاڵەیەک بۆپاراوکردنی دەریاچە وپێشگیری لە وشکبوونی ئەم دەریاچەیە لەم دواییانەدا لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی دا ڕەت کرایەوە، بووە بەهۆی ئیعتیرازاتی خەڵکی ورمێ و تەورێز. هیوادارین ئەم هەوڵانەو ئەو حەرەکەتە ئیعتیرازیانە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن ئاوڕێک لەو کارەساتە سروشتییە بدەنەوە کە بەر لە هەموو شت لە ئاکامی بێکیفایەتی و کەڵکوەرگرتنی بێبەرنامە و نادڵسۆزانەی ئەوان لەو ڕووبارانەی دەڕژێنە نێو دەریاچەوە سەری هەڵ داوە. ئەوەی تا ئێستا لەم پێوەندییەدا لە کۆماری ئیسلامی دیتراوە، گرنگینەدان و پشتگوێ خستنی ئەم قەیرانە سروشییە بووە. چونکە هەر لەبنەڕەتدا ئەم ڕێژیمە بۆ چارەسەری ئەم جۆرە قەیرانانە دروست نەبووە. نەک هەر ئەوە بەڵکوو بۆخۆی بە بەرنامە نازانستی و کەم بایەخەکانی خۆی زۆر جار بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم جۆرە قەیرانانە کە هەموویان بەشێکن لە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی.

لە حاڵێکدا سەرچاوەکانی داهاتی وڵات، لانیکەم لە فرۆشتنی سامانە سروشتییەکان، بە تایبەتی نەوت و گاز دەتوانێ هەزینەی چارەسەری ئەم جۆرە پێشهاتە سروشتیانە دابین بکا، بەڵام کۆماری ئیسلامی بەشی هەرە زۆری ئەم داهاتە لە ڕێگەی کڕینی چەک وچۆڵ لە وڵاتانی دەرەوە، بەرنامە پڕخەرجە ئەتۆمییەکانی، تاقیکردنەوەی مووشەکە دوورهاوێژەکان و سەرەنجام بەکرێگرتنی هێزی سەرکوتی خۆپێشاندانی خەڵکی وڵات سەرف دەکا. ئەم ڕێژیمە لە بەرامبەر دەیان قەیرانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی وڵاتدا دەری خستوە کە ڕێژیمێکی وەڵامدەر و مەسئوول نیە و شایانی دەسەڵاتدارەتی بەسەر خەڵکی وڵاتی ئێراندا نیە. ئەم ڕێژیمە بەر لەوەی لە فکری پاراستنی سامانەکانی وڵات و ئەمنییەت و ئاسایشی هاونیشتمانان دابێ، لە فکری پاراستنی دام ودەزگا جەهەننەمییەکانی خۆی دایەو ئێستا لە هەموو کات زیاتر ئاشکرایە کە قازانجەکانی ئەم ڕێژیمە بە تەواوی لەگەڵ قازانجەکانی خەڵکی وڵات لە ناتەبایی دایە.

ئەوەی لەم ڕووداوانە دا گرنگە ئەوەیە کە لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ورمێ و تەورێزدا جگە لەو فشارەی دەخرێتە سەر ڕێژیم بۆپێشگیری لە وشکبوونی بەتەواویی دەریاچەی ورمێ، دوو دیاردەی موسبەت و هیوا بەخش بەدی دەکرێن: یەکەم، ئەو ڕووداوە وچەند ڕووداوی پێشتریش لەم ناوچەیەی وڵاتدا دەری دەخەن کە هەستی نیشتیمانپەروەری و نەتەوەیی لە نێو هاونیشتیمانانی ئازەری‌دا مەسەلەیەک نیە لەبیر بکرێ، ئەم ڕووداوانە دەری دەخەن کە ئەم هەستە سروشتی و حاشاهەڵنەگرە ئەگەر لە قۆناغێکدا بکەوێتە ژێر کاریگەریی هێندێک دیاردەی دیکە، سەرەنجام دێتەوە سەر ڕێباز و ڕێگەی خۆی و چاوپۆشیی لێ ناکرێ. دووەم، هاوبەشی و دراوسێیەتیی دوو نەتەوەی کوردو ئازەری و کێشەی هاوبەش لەم پێوەندییە دایە. بێگومان ئەم قەیرانە سروشتییە کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکی ئێران بەگشتی ونەتەوەی کورد و ئازەری بە تایبەتی هەیە.

نیگەرانی لە چارەنووسی دەریاچەی ورمێ و قەیرانی سروشتی لە ئاکامی کەم ئاوی و مەترسیی وشکبوون و داهاتووی ژیان و وەزعیەتی ئابووریی میلیۆنان کەس لە هاونیشتمانانی کورد و ئازەری کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ژینگە و ژیانیان پێوەندیی بەم دەریاچەوە هەیە. لە جێی خۆی دایە پێویستە ڕۆڵەکانی کورد و ئازەری لەم پێوەندییەدا شانبەشانی یەکتر هەوڵەکانیان زیاتر پەرە پێ بدەن تا کۆماری ئیسلامی ناچار بە داڕشتنی بەرنامەیەک و دابینکردنی بودجەیەک بۆپێشگیری لەم کارەساتە سروشتییە بکەن. هیوادارین هەوڵی هاوبەشی ئەم دوو نەتەوەیە لەم پێوەندییەدا بگوازرێتەوە بۆ هاودڵی و هاوسۆزیی گشتیی تاکەکانی هەردوو نەتەوە لە بوارە نەتەوەیی و سیاسییەکانیشدا.

## ڕۆژی ئاڵای کوردستان



کەمپینی بەرگری نەتەوەیی بەدابەشکردنی هەزاران ئاڵای کوردستان بەسەر دوکاندار و ئۆتۆمبیلەکانی نێوجەرگەی شاری هەولێر لەشوێنە گشتییەکاندا ڕۆژی ئاڵای کوردستانیان بەڕێوە برد.

سیروان گەردی ئەندامی کەمپینی بەرگری نەتەوەیی لەو بارەوە بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێری ڕاگەیاند کە ئەندامانی ئەو کەمپەینە کە لە چالاکانی مەدەنی، ڕووناکبیران، ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی هەر چوار پارچەی کوردستان پێک هاتووە، یەکشەممە ٦ ی خەرمانان بە هەزاران ئاڵای کوردستانیان لە شاری هەولێر بەسەر دوکاندار، خەڵک و ماشینەکانی ئەو شارەدا دابەش کرد و یەکشەممەی هەولێریان کرد بە ڕۆژی ئاڵا.

ئەندامی کەمپینی بەرگری نەتەوەیی لە درێژەی لێدوانەکەیدا داوای لە هەموو خەڵکی کوردستان کردوە کە هەموو ماڵ و تاکێکی کورد ئاڵایەکی کوردستان بەرز بکەنەوە، تا بە ئاڵا بە وڵاتانی دراوسێ بسەلمێنین کە کورد هەیە و بە تۆپباران کردنیش هەرگیز نابەزێ.

## زانایەکی فیزیکناسی کورد لە سەر کاکەشانەکان شتێکی نوێی دۆزییەوە

کامبیز فەتحی، مامۆستای کوردی زانکۆی ستۆکهۆڵمی سوئێد بەم زووانە توانیوێتی لە بواری زاستی ئەختەرفیزیکدا بگاتە شتێکی نوێ کە ئەو دۆزینەوەیەی ئەو بۆتە جێی سەرنجی بەربڵاوی ناوەندە زانستیەکانی جیهان.

ئەو زانا کوردە بە لێکۆڵینەوە لە سەر ٣٠ هەزار کاکەشان دەری خستوە کە ئەو کاکەشانانەی وەک کاکەشانی ڕێگەی شیری وان زۆر ساناتر لەوە پێک هاتووە کە بیری لێ دەکرایەوە.

ئەو زانا کوردە هەروەها توانیوێتی نیشانی بدا کە هەمەگیر بوونی قانوونی فریمەن کە دەڵێ کاکەشانە ڕێکەکان ڕووناکییەکی هەمیشەییان هەیە، زۆر زیاتر لەوەیە کە چاوەڕوان دەکرا.

توێژینەوەکانی ئەو زاناکوردە لە ساڵی ٢٠٠٦یشدا لە سەر چوون لە نێو دڵی کاکەشانەکانەوە بۆ نێو چاڵە ڕەشەکان لە نێو ناوەندە زانستییەکاندا زۆری دەنگ دایەوە و لە سی ئێن ئێنەوە بگرە تا ئێل مۆندۆ لە سەر ئەم بابەتە نووسیبوویان.



کامبیز فەتحی ساڵی ١٣٥٣ ی هەتاوی لە شاری سەقز لە دایک بووە و تا دووی ناوەندی لە ئێران دەرسی خوێندوە. ناوبراو دوای چوون لە ئێرانەوە بۆ سوئێد ماجێستێری بیرکاریی لە زانکۆی ئۆبسالا و هەر وەها ماجێستێری ئەختەر فیزیکی لە بریتانیا وەر گرتوە.

ئەو زانا کوردە خەریکی کاری توێژینەوە لە وڵاتەکانی ئیسپانیا، فەڕانسە، هولەند، ئەمریکا و ئاڵمانە و لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕێکخراوی ناسادا بۆتە سەرپەرشتیاری گرووپێکی نێونەتەوەیی کە خەریکی لێکۆڵینەوە لە سەر کاکەشانەکانی ئێن جی سین.

شایانی باسە کە کامبیز فەتحی لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە تا ئێستا وەک مامۆستا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم خەریکی کارە.

## بۆ جارێکی دیکەش کۆنسێرتی هومایوون شەجەریان لە تەورێز هەڵ وەشاوە

کۆنسێرتی گرووپی هومایوون شەجەریان و هەمنەوازان بە سەرپەرستیی عەلی قەمسەری بۆ جارێکی دیکە لە شاری تەورێز هەڵوەشاوە.

بە پێی هەواڵی هەواڵدەریی ئیسنا، بەیانیی ٧ی خەرمانان ماڵپەڕی دڵئاواز لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە کە مۆڵەت بۆ بەڕێوەچوونی ئەو کۆنسێرتە لە ڕۆژەکانی ١٠،١١ و ١٢ی مانگی خەرمانان لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی لە پارێزگای تەورێز دەرچووە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی حەوتوویەک تا ئێستا مۆڵەتی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتەکە لە لایەن ئەماکنی شاری تەورێزەوە دەرنەکراوە.



بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی حکوومەتیی ئیسنا، پێشتریش کۆنسێرتی هومایوون شەجەریان و هەمنەوازانی حسار لە ڕۆژەکانی ٦ و ٧ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ٨٨ کە قەرار بوو لە ساڵۆنی فەرهەنگیی وەرزشی تراکتۆر سازی بەڕێوە بچێ هەڵوەشاوە.

## چاپکراوی نوێ

**گۆڤاری K٢١، خەرمان بەرەکەت!**

بۆ جارێکی دیکەش خوێنەرانی گۆڤاری سەنگین و بەناوەرۆک و دەوڵەمەندی K٢١، چاویان بە ژمارەی نوێی ئەو گۆڤارە ڕوون بۆوە. ژمارە ١٢ (ژمارەی دەستەگوڵ) لە ٦٤٠ لاپەرە دا کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران. ئەمجارەش بە دەیان بابەتی بەپێزی سیاسی - نەتەوەیی، گفتوگۆ، بیرەوەری، مێژوویی، گشتی، ڕۆژنامەنووسی، هەمەچەشن لە K٢١ دا سەرنج ڕادەکێشن.

مرۆڤ، کاتێک کتێبێک یان گۆڤارێک لە پەرتوکفرۆشییەکان دەکڕێ و دەیباتەوە ماڵی خۆی، کتێبێک یا گۆڤارێک دەخاتەسەر کتێبخانەکەی. بەڵام کاتێک ژمارەیەک گۆڤاری K٢١ بە دەست دێنێ، لە ڕاستیدا دەبێتە خاوەنی کتێبخانەیەکی بچووک لە تویێ گۆڤارێک دا. هەر بۆیە جارێکی دیکە سوپاس و دەستخۆشی بۆ ستافی K٢١، بەتایبەتی سەرنووسەر مامۆستا مومتاز حەیدەری.



## ئێران پێنجەمین وڵاتی دنیا بۆ لە نێوبردنی دارستانەکانە

وڵاتی ئێران لە ڕیزی ئەو پێنج وڵاتەی دنیایە کە ناوبانگیان بۆ تیکدانی سروشت و لەنێوبردنی دارستانەکان هەیە.

مەهدی سەنایی، نوێنەری خەڵکی نەهاوەند لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی وێڕای ڕەخنە گرتن لە وەزارەتی کشتوکاڵ و بردنە ژێر پرسیاری بەڕێوەبەریی ئەو وەزارەتە بو پارێزگاری کردن لە سامانە سروشتیەکان دەڵێ کە پێم نالێن وەزارەتی جیهادی کشتوکاڵ و سەرچاوەسروشتییەکان بە لە نێوبردنی لە ڕادەبەدەری دارستانەکانی وڵات چ بەرنامەیەکیان بۆ داهاتوو هەیە؟ سەنایی لە درێژەدا دەڵێ کە بەشێکی زۆری دارستان و لەوەڕگەکان هەربە هۆی ناوەندە ئەمنیەتی و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانەوە فەوتێندراون.

ناوبراو دەڵێ کە تا ئێستا سەدا ٣٣ ی دارستانەکانی ئێران لە نێوچوون و لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ١٨ میلیون هێکتار دارستان ئێستا تەنیا ٥ میلیون هێکتاریان لێ ماوەتەوە.





گوڵستانی خاوەران، بەڵگەیەک لە جینایەتی کۆماری ئیسلامی - ١٣٦٧